# لێکەوتە سیاسییەکانی ڕیفراندۆم لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستان

د. عمر علی رشید
بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، کۆلێژی زانستەسیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، هەولێر- عێراق
Email omar.rashid@su.edu.krd

وشەکلیلیەکان:
ریفراندۆم، هەرێمی کوردستان، حکومەتی فیدڕاڵ، سەقامگیری سیاسی، پێگەی هەرێمی

Received: 10/12/2025
Accepted: 25/01/2025
Published:07/06/2026

ID No. 5477
(PP 235 - 264)
https://doi.org/10.21271/zjlp.24.42.10

## پوختە

بەهۆی تێکچوونی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدڕاڵ ، هەرێم بەناچاری پەنای بۆ ریفراندۆم برد، یەکەمجارە لەمێژوودا ساڵی 2017ریفراندۆمێك بۆسەربەخۆیی لەباشوری کوردستان ئەنجام بدرێت، وەك ڕێگە چارەیەك بۆ سەربەخۆیی ودەربازبوون لەوقەیرانانەی کەتێیکەوتبوو، کە ئەمە خۆی هەنگاوێکی سیاسی و ستراتیژی بوو، بۆیە لێکەوتەی سیاسی لەسەر پێگەی هەرێم دروست کرد. گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە هەوڵدەدات لە بابەتێکی سیاسی گرنگ بکۆڵێتەوە کە لێکەوتەکانی لەسەر هاوکێشەکانی ناوچەکە بەڕوونی دەردەکەوێت، ئامانجەکەشی بەدواداچوونە بۆ لێکەوتەکان بۆ ئەوەی پێشهاتە سیاسییەکانی دوای ریفراندۆم ببەستینەوە بە لێکەوتەکانی ریفراندۆمەوە وەك هەنگاوێکی ستراتیژی لەلایەن هەرێمەوە.

ئەم توێژینەوەیە بەدوای پرسیارێکدا دەگەڕێت چۆن ڕیفراندۆم کاریگەریی لەسەر پێگەی سیاسی هەرێمی کوردستان هەبووە؟ بۆ وەلامدانەوەی پرسیارەکە گریمانەی ئەوەمان کردبوو، لێکەوتەکانی کاریگەریەکی گەورەی لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستان هەبووە، لەرووی دۆخی سیاسی و ئاسایش و ئابووریەوە .

دوای پرۆسەی ریفراندۆم هەندێك ڕووداو هاتنە پێشەوە کە وەك کاردانەوەیەك دەردەکەوتن بۆ ئەم هەنگاوە سیاسی و دیموکراسییە، بۆیە بۆشاییەك هەیە لە چۆنیەتی بەستنەوەی لێکەوتەکانی ریفراندۆم بەم ڕووداو و پێشهاتانەی پەیوەندیدارن بە پێگەی هەرێمی کوردستانەوە. بۆگەڕان بەدوای کێشەکە، میتۆدی شیکاری وەسفی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی سەرەتا پرۆسەی ریفراندۆم ڕوونبکەینەوە پاشان لێکدانەوەی لێکەوتەکانی بکەین، لەم چوارچێوەیەدا پشتمان بەتیۆری کۆنسترەکتیڤیزم بەستووە.

گرنگترین ئەو دەرەنجامانەی پێی گەیشتین بریتیە لەوەی لێکەوتەکانی ریفراندۆم لە سێ ئاستدا دەربکەوێت، لە ئاستی نێوخۆییدا یەکرێزی نیشتمانی تێکدا، لە ئاستی هەرێمی وولاتان سەرەرای ناکۆکییەکانی نێوانیان بەرانبەرکورد هەڵوێستیان نەگۆرە، ئەمەش وایکرد بگەنە لێکنزیکبوونەوە و ڕێکەوتن ورێگە لە سەربەخۆیی هەرێم بگرن، لە ئاستی نێودەوڵەتی سیاسەتی وڵاتان دووفاقی پێوەدیاربوو دەرکەوت ئەو هاوبەشیەی لەنێوان کوردو وڵاتان هەیە نەتوانرێت پشتی پێبەسترێت، بەلکو هاوبەشیەکە بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆی نەبێت ئامادەنیە مامەڵە لەگەل کورد بکات.

## پێشەکی

هەرێمی کوردستانی عێراق، پێکهێنەرێکی سەرەکی بوو لە دووبارە بونیادنانەوەی عێراق بۆ نووسینەوەی دەستوورو دامەزراندنی سیستەمی فیدرالی وچەسپاندنی دیموکراسی، بەبێ هەرێمی کوردستان، عێراق فیدرالیەکەی نامینێت. ئەمەش هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ بە دیموکراسی بوونی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست.

ناوچەی رۆژهەلاتی ناوهڕاست، بە سەرچاوەیەکی گرنگی وزەی جیهانی هەژماردەکرێت ئەمەش وایکردووە، کەبەرژەوەندی و کاری هاوبەشی هێز وسەرمایەگەورەکانی جیهان لەم ناوچەیە بخرێنەگەر، کۆمەڵێك هاوکێشەی نێودەوڵەتی بۆ ئەم ناوچەیە دروست بووە، هەرێمی کوردستان بەشێکە لەم ناوچەیە، بۆیە دەکەوێتە ژێر هەژموونی هاوکێشە سیاسی و ئابوورییەکانی ناوچەکە.

لە مبارەیەوە بەدواداچوون بۆ دیمەنی گۆڕانکارییەکانی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی جیهانیی دەکەین لە باڵادەستی ئەمریکاوە تا دەگاتە ئەکتەرە هەرێمییەکانی وەك ئیران وتورکیا، هەموویان رۆڵیان هەیە لەدارشتنی یارییە ئالۆزەکانی سیاسەتی نێودەولەتی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، هەرهەنگاوێك بگرینەبەر شەپۆل دروست دەکات، کە کاریگەری هەیە لەسەر تەواوی ناوچەکە، بەهەرێمی کوردستانەوە. لەوە دەکۆڵینەوە کە ئەم ئەکتەرانە چۆن لە ڕێگەی هاوکاری و ململانێ، کاریگەریان لەسەر سیاسەت ودۆخی ئەمنی ناوچەکە هەیە، بەم کارەش دەتوانین تێڕوانینەکان دروست بکەین، کە هەرێمی کوردستان، وەك هەرێمێکی دەستوری، ڕووبەڕووی کۆمەڵێك ئاڵنگاری و دەرفەت دەبێتەوە. ئێمە لەسەردەمی گۆرانکاری گەورە دەژین لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژی وجیهانگیری، هەمیشە پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکان لەگۆڕاندان، لەهەمووکاتـێك پێویستە لەم دیمەنانە تێبگەین بە هەرێمی کوردستانەوەش.

گرنگترین هۆکار وەك کاردانەوەیەك وای لە هەرێم کرد پەنا بباتە بەر ڕیفراندۆم، بەهۆی سەرهەڵدانی دۆخی بێ متمانەیی نێوان هەرێم وحکومەتی فیدڕاڵ، وە قولبوونەوەی قەیرانە ناوەخۆییەکان لەخولی دووەمی نوری مالکی لە شوباتی 2014 کە بڕینی بودجەی هەرێمی لێکەوتەوە. هۆکارێکی تر فەراموشکردنی بنەمای شەراکەت بوو لەلایەن حوکمەتی عێراق لەسەر بنچینەی عێراقێکی نوێ.

جێبەجێ نەکردنی مادەی140نیگەرانیی کوردی لێکەوتەوە، بە پێشێلکاریەکی دەستور لە قەڵەم درا، نەوەك تەنها ئەو ماددەیەی جێبەجێ نەکرد، بەڵکو(55) ماددەی دەستوری پیشێلکردووە، کە تایبەتن بە پرسی خاك وبودجە و سەرچاوە سروشتیەکان و سەربازی و مافە ڕۆشنبیرییەکان، ئەگەرچی بەشداریکردنی پێکهاتەی کورد لەعێراق بەشداریەکی ئارەزوومەندانەیە، نەوەك ناچاری، لە ئەگەری جێبەجێ نەکردنی ئەو دەستورە، هەرێم ناچار دەبێ لە پڕۆسەی سیاسی عێراق بکشێتەوەو بڕیاری جیابوونەوە بدات.

گرنگی توێژینەوە:- گرنگیەکەی لەوەدایە، بۆ یەکەمجارە لەمێژووی کورد ڕیفراندۆمێك بۆ سەربەخۆیی لەباشوری کوردستان ئەنجام بدرێت، پرۆسەیەکی دیموکراسی نوێیە کە لەناوچەکەدا ڕوویدابێت، هەروەها دەستنیشانکردنی چەندین فاکتەری جیۆسیاسی و کاریگەرییان، کە بەشێکیان پەیوەندیی بەسروشت وپێگەی جوگرافی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، بەشەکەی تر پەیوەندی بە پێگەی وڵاتانی دراوسێ و نێودەولەتییەوە هەیە. لەلایەکی دیکە یارمەتی توێژەران و خوێنەران دەدات کە بەچەمك و مانای ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان ئاشنا بن، لەلایەکی دیکە بەرچاو روونی دەدات بەکاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆئەوەی لەئایندەدا گەشە بەلایەنە باشەکانی بدرێت.

ئامانجی توێژینەوە :- ئەم توێژینەوەیە چەند ئامانجێك لەخۆدەگرێت لەوانە:

1- تیشك خستنە سەر پرۆسەی ریفراندۆم و لێکدنەوەی رەهەندە جیاوازەکان لەسەر هەرسێ ئاستی نێوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی.

2-شیکردنەوەی پرسی ریفراندۆم لەروانگە جیاوازەکانی، سیاسی، ئاسایشی، ئابووری، و یاسایی و دەستوری، بۆ ئەوەی لە گۆشەی جیاوازەوە خوێندنەوەی بۆ بکەین.

3- لێکدانەوەی ئەم ئالنگارییانەی هاتنە پێش پرۆسەکە و کاریگەریی دروست دەکەن لەسەر ئاراستە سیاسییەکانی پرۆسەی ریفراندۆم.

4- بەدواداچوون بۆ ئەو لێکەوتانەی لە ئاکامی هەڵوێستەکانی ئەکتەرە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان هەیانبوو سەبارەت بە ریفراندۆم، بۆ ئەوەی لەم رێگەیەوە ئاستی لێکەوتەکانی لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستان دەربخەین.

کێشەی توێژینەوە:

بابەتی ریفراندۆم پرسێکی فرە ڕەهەندە، خوێندنەوەی جیاواز لەخۆدەگرێ، ناوەندە جیاوزەکان بەپێی پێگە و ئاستی پەیوەندیدارییان بە ئەکتەرە نێوخۆیی وهەرێمی و نێودەولەتییەکان، هەوڵیانداوە خوێندنەوە بۆ بابەتەکە بکەن و شیکردنەوە بۆ لایەنە جیاوازەکان بکەن، بەڵام لە راستیدا ئەمە پێویستی بە تێروانینێکی ئەکادیمی و بابەتییانە هەیە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی زانستی پەنجە لەسەر خودی کێشەکە دابنرێت و لێکدانەوەیەکی سیاسی بۆ بکرێت. لەدەرەوەی ئەمە هەولەکان بۆ تێگەیشتن لە پرسێکی نیشتمانی وەك ریفراندۆم ئەنجامی نابێت، بۆیە نارِوونیەك هەیە لەوەی رووداو و پێشهاتەکانی دوای ریفراندۆم چەند پەیوەندییان بەم هەڵوێستانەوە هەیە کە لە ئاکامی ریفراندۆم بەرانبەر هەرێم دروست بوون چ لەسەر ئاستی ئابووری یان سیاسی یان یاساییەوە بێت، چونکە وا گریمان کراوە کەوا ئەم بابەتە پەیوەندیدارە بە پێگەی سیاسی هەرێمی کوردستانەوە. بۆیە هەوڵدەدەین کاربکەین بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوە، کە خۆی لە پرسیاری سەرەکی و لاوەکی دەبینێتەوە، پرسیاری سەرەکی بریتیە لە: چۆن ڕیفراندۆم کاریگەریی لەسەر پێگەی سیاسی هەرێمی کوردستان هەبووە؟پرسیاری لاوەکی، دابەشی چەند پرسیارێك دەبێت، یەکەمیان، ئایا هەرێمی کوردستان بنەماکانی بوون بە دەوڵەتی تێدایە؟ دووەمیان، ئەم ئاستەنگانە چین کە ڕووبەڕووی بوونەتەوە؟ سێیەمیان، هەڵوێستی ناوخۆیی وهەرێمی ونێودەوڵەتی لەبارەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان چی بوون؟ چوارەمیان، ئایندەی هەرێمی کوردستان بەرەو کوێ هەنگاو دەنێت؟

گریمانەی توێژینەوە، ئەگەرچی ریفراندۆم بەشێکە لە پەیڕەوکردنی دیموکراسی، کەچی کاریگەریەکی نەرێنی لەسەر پێگەی سیاسی هەرێمی کوردستان هەبووە، ئەمەش وای کردووە پێگەکەی بەرەو لاوازی بات، جا بەشێوەی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، ئەمەش وای کرد سنورێکی جوگرافی فراوان لەدەست بدات، کاریگەری لەسەر دۆخی ئابووری و سیاسی و ئاسایشی هەبێت. بەهۆی لەدەستدانی خاك و بەشیك لەتوانا ئابوورییەکان وکونترۆڵی بەسەر کەرتی وزەدا، لەڕووی هەرێمی ونێودەوڵەتیەوە، کاریگەری خراپی لەسەر پێگەی هەریمی کوردستان دروستکردووە.

میتۆدی توێژینەوەکە، پشت بە میتۆدی شیکاریی وەسفیی دەبەستێت، ئەویش بە بەکارهینانی میتۆدی شیکاری بۆ شیکردنەوەی ئەو ڕووداو وپێشهاتانەی کە لەناوچەکەدا روویانداوە، کە کاریگەرییان لەسەر پرسی کورد هەبووە، وەمیتۆدی وەسفی بۆوەسفکردنی گرنگیدان بە پەیوەندییە ناوخۆیی و هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکانی هەرێمی کوردستان و کاریگەری هەر یەك لەمانە لەسەر دۆخە سیاسیەکەی، خستنەڕووی لایەنی بەهێز و لاوازیان، هەوڵدەدەین زانیارییەکان شرۆڤە بکەین.

پێکهاتەی توێژینەوەکە خۆی لە پێشەکیەك وچوار بەش دەبینێتەوە بەم شێوەیە، لەبەشی یەکەم، چوارچێوەیەکی تیۆری بۆتوێژینەوەکە باسدەکەین، لەبەشی دووەمدا، تیشك دەخەینە سەرکاریگەری ریفراندۆم لەسەر یەکڕیزی نێو ماڵی کورد ، لەبەشی سێیەمدا، ئاماژە بە کاریگەری ریفراندۆم لەسەر پەیوەندییەکانی هەرێم وحکومەتی فیدڕاڵدا دەدەین، لەبەشی چوارەمدا، کاریگەری ریفراندۆم لەسەر پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ وولاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی تیشکی دەخەینە سەر، لەکۆتایدا دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان دەخەیەنەڕوو

توێژینەوەکانی پێشوو:چەندین توێژینەوە دەربارەی ڕیفراندۆم هەن، بەلام لێرەدا دەتوانین تەنها ئاماژە بەگرنگترین ئەم توێژینەوانە بدەین کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەر ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراون.بەم شێوەیەی خوارەوە:-

1- ساسان حکمت علی، ڕەهەندە جیۆپۆلیتیکییەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستان، چاپخانەی رۆکسانا، هەولێر، 2024.

2- ساره بوعلى، تأثير الابعاد الجيوبوليتيكية لانفصال إقليم كردستان على الترتيبات الداخلية والاقليمية،رسالة ماجستير، كلية الحقوق والعلوم السياسية ، جامعة بوضياف/ المسيلة،2018.

جیاوازی ئەم توێژینەوانە لەگەڵ توێژینەوەکەمان لەوەدایە تاوەکو ئێستا هیچ ناونیشانێك، یان لێك نزیکبوونەوەیەك لەو ناونیشانە نەبووەوئەنجام نەدراوە، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، توێژینەوەکەمان لەگەڵ توێژینەوەکانی ترجیاوازە. خاڵێکی دیکەی جیاوازی ئەوەیە، توێژینەوەکەمان جەخت لەسەر تیۆری کۆنستراکتیفییزم دەکاتەوە، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیانەن، هیچ توێژینەوەیەك لەم شێوەیە ئەنجامنەدراون،کە پشت بەتیۆرێکی هاوشێوەی وەك توێژینەوەی ئێمە ببەستێت، بابەتەکەی نزیك یان هاوشێوەی بابەتەکەی ئێمە بێت.

## بەشی یەکەم : چوارچێوەیەکی تیوری وچەمکاری بۆ ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان:

چەمکی ریفراندۆم، لەبنەرەتدا چەمکێکی لاتینە بەمانای گەڕانەوە بۆ میلەت هاتووە، لەزمانی عەرەبی بەمانای (الاستفتاء) واتە داوای بۆچوون یان حوکم یان فەتوا لەسەر بابەتێك دێت، کە ئامرازێکی دیموکراسی ڕاستەوخۆیە بۆ بەشداری پێکردنی خەلك لە بریار وەرگرتندا لە نێوان دوو بژاردە یان زیاتر یەکێکیان هەلدەبژێرێت. مێژووی درووستبوونی دەگەرێتەوە بۆسەدەی 15 کانتۆنەکانی سویسرا پیادەیان کردووە. بە مەبەستی بەرگەگرتن بوو لەجەنگی ناوخۆیی و مەزهەبی . لەڕووی یاسایەوە دوو جۆرە، یەکەمیان فەرمی واتا ئەنجامدانی ئەم جۆرە بە شێوەیەکی یاسایی رێکەوتنە لە نێوان دوو لایەن یان زیاتر.وەك تەیموری رۆژهەلات، دووەمیان نافەرمی واتا لەنێوان لایەنە پەیوەندارەکان ئەنجام دەدرێت بەبێ رێکەوتن واتە بە شێوەیەکی تاك لایەنیە. وەك کریما وکەتەلونیا[1]. بۆزیاتر ئاشنابوون بەسروشتی پەیوەندییەکانی هەرێم و حوکمەتی عێراق، هەروەها کارلێك و دەرهاوێشتەکانی ئەنجامدانی ریفراندوم لەهەرێمی کوردستان، هەوڵ دەدەین لە رێگەی بیرۆکە وتیۆری پەیوەندیەنێودەولەتییەکان، تیوری کونسترەکتیفیزم سروشتی پەیوەندییەکانی نێوان کارەکتەرەکان و کارلێك و دەرهاویشتەکان بخەینەڕوو:

ستراتیژیەتی توێژینەوەی کۆنسترەکتیفیزم تێدا سەرنجی خستۆتەسەر چواربابەت، ئەوانیش ناسنامەوبونیادو دەزگاو بەرژەوەندی، لەناو ئەم تیۆرەدا هەریەك لەمانە بەپێی جۆری پرسیارەکە شیکاری بۆ دەکرێت. بە ناوبانگترین بیرمەندانی ئەم رەوتە هزریە، وەك نیکولاس ئونف*. لە ڕوانگەی ئەوەوە هیچ ئەگەرێك بۆ تێگەیشتن لەجیهان بەشێوەیەکی سەربەخۆ و ڕاستەوخۆ نیە، بەڵکو هەموو کردارەکانی مرۆڤ، لە بۆشایەکی کۆمەلایەتیی دروست دەبن ومانا دەدۆزنەوە، ئەمەش وادەکات کەم یان زۆر جیهان شێوەی خۆی وەردەگرێت یان تێگەیشتنمان بۆجیهان هەبێت. چونکە مرۆڤەکان لەناوگروپێکی کۆمەلایەتی نەتەوەیی، ئایدولۆژی ئاینی، کەلتوری و رەگەزی کارلێکدەکەن[2]. کۆنسترەکتیفیزم بووە دەروازەیەکی تیۆری بەرچاو لە بواری پەیوەندییە نێودەلەتییەکان، لە ڕێگەی پشتبەستن بە دەروازە کۆمەڵناسییەکان کە بریتیە لە ئاراستەوتێڕوانینە تیۆرەکان ومیتۆدەسەرەکییەکان بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوەوشرۆڤەکردنی دیاردەکۆمەڵایەتییەکان وەك میتۆدی پیکهاتەیی و وەزیفی و تیۆری ڕەخنەیی ، جەختکردنەوە لەسەر لایەنە جیاوازەکانی بونیادی کۆمەڵگاوڕۆشنبیری و ڕەفتاری تاکەکان، کەباس لەوەدەکات کە جیهان بوونێکی کۆمەلایەتییە، لەپاڵ بوونە فیزیکیەکەیدا. ئەمەش بەرئەنجامی دروستبوونی کارلێکە کۆمەلایەتییەکانە یەکە و بونیادیەکانی یەکتر درووستدەکەن، هۆکارە ناسنامەیەکان لەوانەش

[1] ساسان علی حکمت ، ڕەهەندە جیۆپۆلیتیکییەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لەهەرێمی کوردستانی عێراق، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر،2024،ل36-37

* نیکۆلاس ئۆنف زانایەکی ئەمریکییە، لە ساڵی 1941 لەدایك بووە، پرۆفیسۆر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لەزانکۆی نێودەوڵەتی فلۆریدا وەسەرنووسەری دەستەی کۆمەڵناسی سیاسی نێودەوڵەتییە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: سنوور جمال جلال ، کاریگەری لایەنەسیاسییەشیعەکان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی عێراق بەرامبەر ئێران لەدوای ساڵی 2011، نامەی ماستەر پێشکەش بەکۆلێژی زانستەسیاسیەکانی زانکۆی سەلاحەدین –هەولێر کراوە،ل14

[2] Audie Klotz ,Cecelia Lunch,Streategies For research in constructivist international relations,RoutledgeTaylor and Farncis group,London and Newyork,2007, p6-7

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

ناسنامەو بەهاو نورم و بیرۆکە و تێگەیشتنەکان بەگشتی بەشداری لە دروستکردنی ئەو جیهانەی سیاسەتی نێودەوڵەتی کەبوونی هەیە دەکەن[1].

ونت(Alexander Wendt) پێیوایە ناسنامە ئەوەیە، شتێك دەگۆڕێت بۆئەوەی هەیەتی ناسنامەش دەگەرێتەوە بۆ کارەکتەرە مەبەستدارەکان، کە ئارەزووی رەفتارو پاڵنەر دروست دەکات، ناسنامە دروست دەبێت بەکار لێکردن لەگەل کارەکتەرەکانی دیکەی ناسنامەی نەتەوەیی یاخود دەوڵەت لەسەر بنەمای پەیوەندی لەگەل دەوڵەت و نەتەوەکانی تر دروست دەبێت. ئەگەر ئەم ناسنامەیە لەسەر جیاوازی بەهاکان و نورم ناکۆکی و دژایەتی لەگەل ئەوانی دیکە بێت، ئەوە بەردەوام ئەگەری ململانێ و هەڕەشە وجەنگ بوونی هەیە، بەلام بەپێچەوانەوە ئەگەر ئەم ناسنامەیە لەسەر تێگەیشتنی هاوبەش بێت لەگەل ئەوانی دیکە، ئەوا هاوپەیمانییە لەگەل یەکتر[2]. ئەمەش مانای وایە بوونی ناسنامەی جیاواز وکەلتورو مەزهەبی جیاواز ململانێی کارەکتەرەکانی لێکەتوتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بیروباوەری هاوبەش لەنێوان کاراکتەرەکان، روحی لێکنزیکبوونەوە وهاوکاری دروست دەکات، وەك عێراق وئێران بەهۆی ئەم ناسنامە مەزهەبیەی هەیە لەنێوانیان.

شتە فیزیکەکان هیچ مانایەکیان نیە بەبێ تێگەیشتن لەهزر، بەلکو ئەوە تێگەیشتنی مرۆڤە کە مانایان پێ دەبەخشێت[3]. بۆ ئاشنابوون لەرەفتاری وولاتان لە سیستەمی نێودەوڵەتی پێویستە سەرەتا رەچاوی ئەم ناسنامەیە بکرێت کە وولاتان بۆ خۆیان پێناسەیان کردووە، کە ئەقلانیەتی ئەم دەوڵەتە دروستکەریەتی، لەرێگەی ئەم کاراکتەرانەوە کەبەرژەوەندی و ویست و داخوازییەکانی لە پەیوەندی لەگەل جیهانی دەرەوەدا بونیاد دەنێت، بەرگریکردن لەم ناسنامەیە دەبێتە ئەولەویەتی سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی هەردەوڵەتێك، ڕەوایەتی دەدات لەسیسەتەمی نێودەوڵەتییدا بەرەفتارەکانی ئەودەوڵەتە. بوونی ناسنامەیەکی بەهێزوکاریگەر وایلێدەکات رۆلێکی جیاواز بە دەوڵەت بدات لەکارلێکی لەگەل دەوڵەتاندا لەناو سیستەمی نێودەوڵەتیدا. پێیانوایە دژایەتیی ناسنامە هۆکاری پشێوی وقەیران وجەنگە، پشێویش بەرهەمی دروستکراوی ململانێی ناسنامەیەکانە.

کۆنسترەکتیفیزمەکان، زۆر گرنگی بەناسنامە دەدەن، لە شرۆڤە کردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتیبەکاندا، پێیانوایە پەیوەندی نێوان ئاسایش و ناسنامە، پەیوەندییەکی هۆکاریە، کە لەسیاسەتی نیشتمانی دەوڵەتدا بەرجەستەدەبێت، رەخنە لە پوزەتیفیسزمەکان دەگرن، بەوەی لە شیکاریەکانیاندا بەرژەوەندی کارەکتەرەکان لەپێش هەموو شتێکەوە لەبەرچاو دەگرن، بەلام کۆنسترەکتیفیزم پێیوایە سەرەتا ناسنامە دواتر بەرژەوەندیەکان دێن [4].

ناسنامە کۆمەلێك ئەرك جێبەجێدەکات لەپشت زۆرێك لەئاراستەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی، چونکە ناسنامە دەتناسێت کە تۆکێیت، واتا تۆ بە ئەوانیتر دەناسینیت، دەوڵەتیش بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی ناسنامەکان دەوڵەتانی تر دەناسێنێت، لەبەرئەوە ناسنامەی دەوڵەت بەرژەوەندییەکان وێنەدەکات، بەوەی دەوڵەت بەیارمەتی ناسنامە ئاگاداری ویست وبەرژەوەندی دەوڵەتان دەبێت[5]. واتە دەتوانین بەپێی ئەو کارلێك و پەیوەندییەی لەنێوان دەوڵەتان هەیە، بەرژەوەندی و ناسنامەی دەوڵەتان تێبگەین. بۆنمونە بەهۆی هاوکاری لەنێوان ولاتانی ئەوروپی ناسنامەیەکی تازەی هاوکاری دۆستایەتی لەنێوانیان دروست بووە.

---

[1] هاورێ حەسەن حەمە، ،تیۆری کونستراکتیفیزم لەپەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوەلەململانێ و قەیرانەکان، سلیمانی،2021، ل4

[2] سنوور جمال جلال ، سەرچاوەی پێشوو،ل11

[3] هاورێ حەسەن حەمە ، سەرچاوەی پێشوو، ل9

[4] شمال حسین، پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان،چاپخانەی تەفسیر،چاپی دووەم، هەولێر،2018، ل490

[5] هەمان سەرچاوە ،ل491

لەتیۆری کۆنسترەکتیفیزمر، ناسنامە و کولتورو نۆرمر، رۆلێکی گرنگ دەگێرن لەسیاسەتی جیهانیدا. ناسنامە تایبەتمەندیەکی کارەکتەرەنێودەولەتییەکانە کەرەفتارەکان رێکدەخات وهاندان دروستدەکات[1]، چونکە بنچینەی بەرژەوەندییەکان دابین دەکەن، کەواتە ناسنامە سەرەکیترن لەبەرژەوەندییەکان.

پرنسیپەکانی تیۆری کۆنسترەکتیفیزم [2]:-

1-جەخت لەسەر رۆل وکاریگەری ناسنامە دەکاتەوە.

2-دەولەتان یەکەی سەرەکین بۆ رەفتارو شرۆڤەکردن وکارلێکەکانیان کە رەهەندی کۆمەلایەتیان هەیە، پەیوەندی نێوان ولاتان تەنها ناچێتە ژێر کاریگەری سیاسەتی هێز، بەلکو لەژێر کاریگەری ناسنامەوبەهاکانن.

3-مرۆڤەکان لەسەر بنەمای ئەو تێگەیشتنانەی بۆی هەیانە، رەفتار لەگەل شتەکان دەکەن ، دەولەتان بە شێوازی جیاواز لەگەل دۆست ودوژمنەکان مامەلەدەکەن، چونکە دۆستەکان مایەی هەڕەشە نین، بەلام دوژمنەکان مایەی هەرەشەن.

4- سیستەمی نێودەولەتی وەك سیستەمی کۆمەلایەتی هەژماردەکرێت.

گریمانەکانی کۆنسترەکتیفیزمر:-1-گرنگترین گریمانەکانی لەوە سەرچاوەی گرتووە کە مرۆڤەکان بەسروشت بونەوەرێکی کۆمەلاییەتین، چونکە پەیوەندیەکۆمەلایەتییەکان مرۆڤیان پاراستووەو پێکیانهێناوە، وەك ئەوەی ئێستا هەیە [3].

2- بەرژەوەندییەکانی دەولەت نەگۆرنین،بەلکو لەئەنجامی کارلێك وپەیوەندی کۆمەلایەتییەوە دروست دەبن، باوەریان وایە ناسنامەوبەرژەوەندی دەولەت جیاوازە[4] .

3- بەبێ سەروەری، دەولەت پێناسە ناکرێت، بەهەمان شێوەش بەبێ ناسنامە کۆمەلگا، پێناسەوبوونی نیە ، دەکرێت دەولەت ناسنامەی جیاوازبێت لەسەر ئەمر بنەمایە، لەوانەیە بەرژەوەندی ورەفتاری تایبەتی هەبێت [5].

ناسنامەی نەتەوەیی، بەمانای هەستکردن بە دلسۆزی وسەربەخۆیی بۆ رەگەزو هێما هاوبەشەکانی ناو کۆمەلگەی نەتەوەیی. کاراکتەرەکان بەپێی ئەو رۆل وناسنامانەی خۆیان بەخۆیان دەدا بریاروەردەگرن و رەفتاردەکەن. تاوەکو ناسنامەو بەهاو مەزهەبەکان لێکنزیك بن، ئەوا هاوکاری لەنێوان کاراکتەرەکان دروست دەبن. لەڕوانگەی تیوری کونسترەکتیڤیزمر، پێش هەمووشتێك دەبێت گرنگی و سەرنج بدرێتە ناسنامەی ئەو دەولەتانەی کە بۆخۆیان پێناسەیان کردووە، گرنگی بابەتەکانی ناسنامەیی لەوەدایە، کە ناسنامە، بەشێکە لەپرۆسەکانی پێکهێنەری ولاتێك، لە ئەنجامدا رەفتارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان ئاراستە دەکات[6].

کونسترەکتیڤیزمەکان، پێیانوایە دوو جۆر ناسنامە بۆ دەولەت هەیە، یەکەمیان بەکۆمەل ناسنامەی بەکۆمەلی دەولەت بنەمای مادی هەیە، وەکو تایبەتمەندی جوگرافیا و دانیشتووان و..هتد. دووەمیان ناسنامەی کۆمەلایەتی، کە لەمامەلەکردنی دەولەتان لەگەل یەکتری دروست دەبێت ودەبێتەهۆی جیاوازی دەولەتان لەگەل یەکتری لەسیستەمی نێونەتەوەیی[7]. کونسترەکتیڤیزمر، نیشانی دەدات دەولەتان جگە لە پاراستنی ئاسایشی مادی خۆیان، بەدوای ئاسایشی ناسنامەی خۆیانن و لێرەوە ئاسایشی ناسنامەیی دەتوانیت ململانێی نێوان دەولەتان روون بکاتەوە[8].

پاش خستنەرووی ئەمر تیۆر وروانگە جیاوازانە بۆ پێگەی هەرێمی نادەولەتی،لەمر توێژینەوەیەدا هەول دەدەین، کە بەپێی تیورورروانگەی کونسترەکتیڤیزم شیکردنەوە بۆ پێگەی هەرێمی کوردستان بکەین، هەول دەدەین کە بنەماکانی هزری

---

[1]Alexander Wendt , and his critics, Stefano Guzzini and Anna Leader(Editors)constructivism and international relations, London and newyork,2006.p96

[2]سنوور جلال جمال، سەرچاوەی پێشوو،ل19-21

[3]شمال حسين، العلاقات الدولية، مكتب تفسير، 2020،ص759.

[4]هاوری حەسەن حەمە، سەرچاوەی پێشوو ، ل20

[5]شمال حسین، سەرچاوەی پێشوو، ل487-490،

[6]پەروێز رەحیم ، سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران ، چاپخانەی موکریانی ، هەولێر،2014 ،ل 52

[7]هەمان سەرچاوەل59

[8]هەمان سەرچاوە، ل 60

کاریگەر لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستان بخەینەروو، بەم پێیەش ڕۆلی ئەم بنەمایانە لەبونیادنان و دروستکردنی ناسنامەی تایبەتی هەرێمی کردستان و تێگەیشتنی بریاروەرگرانی هەرێم ، هەروەها دەولەت و بکەرەکانی تری ناوچەیی و نێودەولەتی و پێکهاتە، بەها، پێوەرە نێودەولەتییەکان ئاشکرا بکەین، لەم سونگەیە وە هەولدەدەدین رۆلی بنەماکانی هزری و بەها و پێوەرەکانی بنیاتنەری ناسنامەی کوردی لەچوارچێوەی تیوری کونسترەکتیڤیزمدا نیشان بدەین.

## بەشی دووەم: کاریگەری ڕیفراندۆم لەسەر یەکڕێزی نێو ماڵی کورد:

لەم بەشەدا تیشك دەخەینەسەر ململانێی حزبە کوردستانییەکان کاریگەری لەسەر یەکڕێزی لەهەرێمی کوردستان، هەروەها ڕۆڵی پێشمەرگە لە پاراستنی هەرێم وئەو ئالەنگاریانەی هاتە بەردەمی لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەی ڕیفراندۆم دەخەینەڕوو، کە کاریگەریان لەسەر یەکڕێزی نێو ماڵی کورد هەیە، بەمشێوەیە:-

باسی یەکەم: ململانێی حزبەکوردستانییەکان کاریگەری لەسەر یەکڕیزی لەهەرێمی کوردستان:

ئەو زۆنە سەوزوزەردەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستانی پێکهێناوە، زۆنێکی ترمان هەیە لەدەرەوەی دەسەلاتی هەرێم، ئەویش زۆنی قەندیلە کە زیاتر لە 500گوندی لەخۆگرتووە. بۆ چارەسەری ئەم گرفتانە، پێویستمان بەمەرجەعێکە وەك لەهەندێك وولاتدا مەرجەعێکی نیشتمانی هەیە کە ئەویش دەستورە یان لەهەندێك ولاتانی جیهانی سێیەم لەقۆناغی رزگاریخوازی نیشتمانی سەرکردەیەك هەبوو، لەلایەن هەمووحزبەکان پەسندکراوەو پێوەی پابەندن، دوای رزگار بوون دامەزراندنی نیشتمانی هەندێکجار پەرلەمان بووەتە مەرجەع ، زۆرجار بنەمالەیەك بووەتە مەرجەع، وەك جواهیرلال نەهرو رۆلێکی گەورەی گێراوە، لەپێشکەوتنی دیموکراتی، بەتایبەتی دوای کچەکەی ئەندیرا گاندی، رۆلێکی باشی گێراوە، لەبەشێك لەوولاتانی پێشکەوتووی ئەوروپا، کە سیستەمی حزبی وفرەحزبی هەیە، بەلام هەموو حزبەکان لەژێرچەتری پاشایەتی ئەم بنەمالەیەدا، حزبایەتی ودەولەتداری خۆیان دەکەن[1] . ئەوەی جێگەی ئاماژەیە هەرێمی کوردستانیش پێویستی بە مەرجەعێك هەیە.

بەهۆی نەبوونی مەرجەعێك لەهەرێمی کوردستان، ململانێیەکان زیاتر قوڵبوونەوە، یەکێك لەدەرهاویشتە ترسناکەکانی ئەم ململانێیە ناشەرعیە دۆزی نەتەوایەتی تاڕادەیەك کاڵ کردۆتەوە. لەلایەکی تر، خالی هاوبەشی نەتەوەیی لە نێوان چین وتوێژەکانی ناوچەجیاوازەکانی کوردستان بەرەو لێکترازان بردووە. لەگەل ئەوەشدا ئەوەندە خەریکی بەدوژمنکردنی یەکترن، ئەوەندە دوژمنی راستەقینە ناناسن. لەلایەکی تر، ناتوانین بەتەواوی قەناعەت بەنەوەی ئێستا بکەین، کە حوکمرانی خۆمالی لە بێگانە باشترە [2] . لەسالانی2017 بەردەوام دەنگی کورد لەهەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەناوچەکانی دەرەوەی هەرێم بەڕێژەیەکی بەرچاو دەسوتێت، بەهۆی ململانێی حزبیەوە، لەگەل ئەوەشدا چەمکی هاولاتیبوون لەکوردستان بزرە [3].دەتوانین بڵێین پێویستمان بە دامەزراندنی ئەنجومەنێکی سیاسی* هەیە، کە ئەرکی پاراستنی یەکڕێزی نێوماڵی کورد بێت ئاسایشی نیشتمانی بگرێتە ئەستۆ. گرنگە ئەم ئەنجومەنە، لەسەرکۆدەنگی سیاسی لایەنەکان دابمەزرێت، هەر لایەنێك نوێنەرێك یان زیاتر بەپێی قەبارەی خۆی لەم ئەنجومەنە هەبێت، بەلام نابێت ئەم

---

[1] عوسمان عەلی ، کەرکوك لەچەند لیکۆلینەوەیەکی مێژوویی وسیاسی دا لەگەڵ بیبلۆگرافیایەکی گشتی بۆ توێژەران.2025، ل139

[2] ریبوار سیوەیلی ، سەد وانەی ڕیفراندۆم، کتێبی گۆڤاری گولان، ژمارە 23 ،2022، ل176

* ئەنجوومەنی سیاسی: کۆمەڵێك نموونەمان هەیە لەعیراق ئەم ئەنجوومەنانە ڕۆڵیکی بالایان هەبووە لەلێکنزیکبوونەوەی هەڵوێستی لایەنەکان وهێزە سیاسییەکان ،دواتریش دەرهاویشتەی سیاسی و یاسایی ڕۆڵیان هەبووە لەچالاککردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت وسەقامگیری و پێکهێنانی حوکمەت وەك چوارچیوەی هەماهەنگی بۆ لایەنی شیعی و ئەنجوومەنی سیاسی عەرەبی بۆ لایەنی سونی .

[3] سیروان ئەحمەد قادر ، ئەگەر ململانی حزبایەتی نەبووایە دەسەلاتی کوردی، ووتاریکی ئەکادیمیە بلاوبووەتەوە لە: بازنەی گفتوگۆ، کتێبی سێیەم.بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کوردستان و ململانێی هەرێمی و نێودەولەتی،2024، ل176-197.

ئەنجومەنە، جێگەی حکومەت بگرێتەوە، ئەرکی ئەوە دەبێت راوێژ بداتە حکومەت و ناوەندێك بێت بۆ یەکهەلوێستی بەرانبەر هەموو مەترسیەکان. پێویستە کۆنگرەیەکی نیشتمانی بۆ دیالۆگی نیشتمانی ساز بکرێت. لە ڕابردوودا دامەزراندنی بەرەی کوردستانی خالی جەوهەری بوو، بۆ وازهێنانی ململانێ کە حزبەکان خۆیان لەناو یەك بەرە ببینەوە، جا هەرکاتێك حزبەکان یەکبوونایە دەستکەوتی زۆر گەورەبەدەست هاتوون، بەپێچەوانە ڕاستە. ئەنجومەنی سیاسی پارتەسیاسییەکان ئەم پەرتەوازەیە کۆتایی پێ دەهێنێت، کە چەندین پرسمان هەیە حزبەکان هەلوێستی جیاوازیان لەبارەیەوە هەیە، وەك مامەڵەکردن لەگەل ولاتانی دراوسێ و شێوازی دانوساندن ومامەلەکردن لەگەل بەغداوولاتانی هەرێمی ونێودەولەتی. لەبنەرەتدا حزب ئامراز بووە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێکی پیرۆز، بەلام لەهەرێم حزب ئامانجە نەوەك ئامراز بۆئەم مەبەستە پێویستە دەسەلاتێکی تەواو بەم ئەنجوومەنە بدرێت. خالێکی تر کۆمەلگەی کوردی بەحزبی کراوە. هێزەچەکدارەکان لەژێر دەستی حزبدایە، ئەمەش هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆسەر ئاسایشی نیشتمانی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەستی نیشتمانپەروەری لای تاکی کورد نەمردووە، ئەم هەستە لەناخیاندا هەر زیندووە، ،باشترین بەڵگەش ڕێژەی بەشداربوونی ژمارەیەکی زۆری جەماوەر بوو لەپرۆسەی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی .

خەلکی هەرێمی کوردستان 75% بەشداری هەڵبژاردنیان کرد، 92.7%بەبەڵی بۆ سەربەخۆیی دەنگیاندا لەبەرانبەردا هەندیکی دیکە بەنەخێر دەنگیاندا[1]. ئەوەی جێگەی ئاماژەیە، جیاوازی بەرچاو لەنێوان ژمارەی دەنگدەران هەبوو بەتایبەتی لەناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی تر، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو ناکۆکیە سیاسیانەی لەنێوان هەردوو پارتەکە هەبوو، لەم شوێنانەی پارتی بالادەستبوو جیاواز بوو بەراورد بە یەکێتی،بۆ نموونە لە شاری دهۆك ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پارتی ڕێژەی دەنگەکان بە بەڵێ دووهێندەی شاری سلێمانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی بوو، وەناکۆکی سیاسی لەنێوان پارتی وگۆڕان وبالێکی یەکێتی ، کاریگەری هەبوو لەسەر بەشداری هاولاتیان، لەگەل ئەوەشدا هاولاتیانی دەرەوەی وولات ژمارەی دەنگدەرانی لە ئاستی پێویست نەبوو، هەندێك وڵات نەوەك هاوکاربوون بەڵکو زۆر دژی پرۆسەکە وەستانەوە، لەلایەکی دیکەدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگیری پرۆسەکەی نەکرد ئەمەش بووەهۆی ئەوەی هاوڵاتیانی دەرەوەی ووڵات نەتوانن بەئاسانی بەشداری بکەن. سەرەڕای هەموو ئەم ئاستەنگانەی لەبەردەم ڕیفراندۆم هەبوون، بەڵام هێزی پێشمەرکە ڕۆڵیکی گرنگی بینی لەسەر خستنی پرۆسەکە.بەوەی سنورەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی بەتەواوی کۆنترۆڵ کردوچاودێریەکی باشی پرۆسەکەی کرد.

باسی دووەم: ڕۆڵی پێشمەرگە لە بەهێزکردنی پەیوەندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی :

پێشمەرگە وەك هاوبەشێکی کاریگەرو ممتمانەپێکراوی شەڕی جیهانی دژ بە داعش لەساڵانی (2014-2017) کاریکردووە. سەلماندی کە دەزگایەکی سوپایی بەرگرییە وتوانای مامەلەکردنی لەگەل کۆمەلێك هەڕەشەدا هەیە[2]. لەگەل ئەوەشدا رۆلی سەرەکی هەبوو لەپاراستنی پێکهاتەکانی وەك یەزیدی ومەسیحی، توانی ژمارەیەکی بەرچاویان رزگار بکات وئاووخواردن وشوێنی حەوانەوەیان بۆ دابین بکات کە لەترسی داعش هەلاتبوون. لەلایەکی تر توانی پەیوەندی توندوتۆل، لەگەل کۆمەلێك ئەکتەری جیاواز دروست بکات، لەوانە ئەمریکاوئەوروپا بۆ دەستراگیشتن بە مەشق و کەرەستە و پالپشتیەگرنگەکانی، کە بۆ پیشمەرگە دابینکردووە، کە توانای ئوپراسیونەکانی بەرەو پێشبردووە[3]. پێشمەرگە رۆلی گرنگی هەبوو لەدارشنی وەلامدانەوەی مرۆیی لەبەڕێوەبردنی ئەم قەیرانانەی لەناوچەکەدا بوونیان هەبوو بۆ ململانێ و قەیرانەکانی ناوچەکە، وەبەردەوام بوو لەهەماهەنگی وپەیوەندی لەگەڵ کۆچبەران و پەنابەران. لەم چوارچێوەیەدا، پێشمەرگە ئەکتەرێکی گرنگ بووە، لەپاراستنی سەقامگیری وئاسایس [4]. پێشمەرگە لەرێگەی هاوکاریە نێودەولەتییەکانەوە توانی یارمەتیدەر بێت لەبەهێزکردنی رۆلی خۆی، وەك ئەکتەرێکی ئەمنی، پێشمەرگە بە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەل

[1]بەرهەم عەلی ، ریفراندۆم تاپۆنامەی دەوڵەتی کوردستان ، چاپخانەی کوردستان، هەولێر،2018،ل123.

[2]پاوان تەتەرنێروەیی ، هەرێمی کوردستان لەسەر شانۆی جیهانی : تەحەددیات و دەرفەتەکان لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کتێبخانەی جزیری، دهۆك،2024،ل19-21.

[3] Bengio ,O.Kurdish identy,Discourse,and New Media .2016,p12.

[4]پاوان تەتەرنێروەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل28-29.

ئەکتەرە نێودەولەتییەکان، دەتوانێت سوود لەپاڵپشتی نێودەوڵەتی وەربگرێت بۆ بەرزکردنەوەی تواناکانی و پێگەی هەرێمی کوردستان لەئاستە نێو دەولەتییەکەی .توانی پێگەی خۆی بۆ پاراستنی هاوپەیمانی لەگەل چەند ئەکتەرێکی نێودەولەتی بەکاربهێنێت، وەك هاوبەشێکی جێ متمانەی ئەمریکاو ڕۆژئاوا بەمامەلەکردن[1]. بۆئەم مەبەستە چەند دەرفەتێکی ستراتیژی لەبەردەمدایە لەوانە گەیشتن بەپالپشتی سیاسی وەك ڕاهێنان و کەرەستەی سەربازی ویارمەتی ئابووری ودان پێدانانی نێودەوڵەتی، بۆ ئەوەی ببێتە یاریزانێکی گرنگتر لەدیمەنی ئاسایشی ناوچەکە، دەتوانێت لێکەوتەی دوور مەودای هەبێت، بۆ پێگەی کورد، لەگەل بەردەوام پەرەسەندنی دیمەنی جیوپولیتیکی ناوچەکە، بەمەش پێگەی بەهێزی پێشمەرگە دەتوانی پێگەی کورد بەهێزبکات چ لەرووی سیاسی وئاسایشەوە بێت، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم ڕۆڵانەدا هێزی پێشمەرگە تائێستا نەیتوانیووە خۆی لەناو دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم یەکبخات، بەمەش ڕووبەڕووی چەندین ئالەنگاری بوویەتەوە.

باسی سێیەم:ئالەنگاریەکانی بەردەم یەکڕیزی نێومالّی کورد:

لێکەوتەکانی ڕیفراندۆم چەند ئالەنگاریەکی بەدوای خۆیداهێنا لەوانە ڕووداوەکانی 16ئۆکتوبەری 2017هێزەکانی پێشمەرگەی بەسەر دووبەرە دابەشکرد، ئالەنگاریەکی دیکە ئەوەیە سنوری هەرێمی کوردستان فراوانبوو، کۆنترۆلکردنی ئەم سنورە بەتەواوی لەلایەن پێشمەرگەوە زۆر ئەستەم بوو، ئالەنگاری سێیەم ئەوەیە، پێشمەرگە، سەرچاوە وتوانای سنوردارە، کە هەرێمی کوردستان سەر بە حکومەتی عێراقە، دەوڵەتان ناتوانن بەبێ ڕەزامەندی عێراق یارمەتی پێشمەرگە بدەن، هەر لەبەرئەوەشە مافی کرینی چەك و کەرەستەی سەربازی پێشکەوتووی نەبوو. بۆ رووبەرووبونەوەی ئەم ئالنگاریانە پێویستە وەبەرهێنان لەکەرتی پەروەردەو تەکنەلۆژیا بکات بۆ رووبەرووبونەوەی هەڕەشە ئەمنییەکان. بەردەوام بێت لەکارکردن بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەردوو ئەکتەرەهەرێمی ونێودەولەتییەکان، گرژیەکان کەم بکاتەوەوسەقامگیری ناوچەیی بەرەوپێش بەرێت، وکارکردن لەسەر گۆرینی پێشکەوتنەسەربازییەکانی بۆدەستکەوتی سیاسی ورژاندنی ئەم پرسانە لەسەرئاستی نێودەولەتی پێویستیان بەلێهاتوویی سیاسی و دبلۆماسی و توانای سەربازی هەیە[2].

ئەنجام: لەڕوانگەی تیۆری کۆنسترەکتیڤیزمەوە، بەپابەندبوون بەنۆرم و ڕێسای نێودەوڵەتی کە جەخت لەسەرگرنگی بیرۆکەو نۆرم وناسنامەدەکاتەوە، هەرێمی کوردستان پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە بە پێشخستنی ناسنامەیەك لەسەر بنەمای لێبوردەیی، گشتگیری و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، بەشداریان کردووە لەدووبارە داڕشتنەوەی نۆرم وبەهاکان لەناوچەکەدا.دەرفەتی ئەوەی پێبەخشیون کەوەك دروستکەری پردێك مامەڵە بکەن لەنێوان گروپە نەتەوەیی وئایینیە جیاوازەکاندا، هەروەها بەشداریکردووە لە بونیادنانی کولتوورێکی ئاسایشی گشتگیروفرەیتر لە ناوچەکەدا.

لەبەرانبەردا نەیارانی کورد هەولیاندا ڕۆلی هەرێمی کوردستان بچوك بکرێتەوە، دوو ئیداری لە هەرێمی کوردستان قولترکردەوە، پەرتەوازەی زیاتری هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لێکەوتەوە، بەهۆی خراپی دۆخی سیاسی وئابووری وجیوسیاسی ..هتد، متمانە گەیشتەنزمترین ئاست. لەڕووی رووبەرەوە نزیکەی نیوەی خاکی لەدەستدا، لەرووی سەربازیەوە، دەسەلاتەکەی بچووکردەوە، لەرووی سیاسیەوە، پێگەکەی لاسەنگ و لاواز کرد، لەرووی ستراتیژی و ئابوورییەوە، ناوچەیەکی زۆری نەوت لەدەست هەرێم دەرهات ، ئەمەش وایکرد داهاتەکەی زیاتر دابەزێت بووە هەلکشانی زیاتری قەیرانی دارایی. لە رووی دیموگرافیەوە کۆچی بە کومەلی کوردانی لێکەوتەوە، لەسەر ئاستی عێراق، یەکریزی نیشتمانی عەرەبی لەنێوان سونەوشیعە لەلایەك و حکومەت و مەرجەعیەت و جەماوەر دژ بەکوردستان بەهێزتر کرد، گەرانەوەی هەرێم بوو بۆ ناوچەکانی پێش 2003، دانانی پارێزگارێکی بە وەکالەت بۆ کەرکوك، وەرگرتنەوەی ژمارەیەك پۆست لە کورد، دانانی عەرەب وتورکمان لەجێگەکەیان.ئەمەش بووەهۆی ئالۆزبوونی پەیوەندییەکانی هەرێم وحکومەتی فیدراڵ.

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل34-36.

[2] هەمان سەچاوە، ل39-41.

## بەشی سێیەم :- کاریگەری ڕیفراندۆم لەسەر پە یوەندییەکانی هەرێم وحکومەتی فیدڕاڵ

پێگەی جوگرافی کوردستان کەوتوتە نێوان دوو هێزی گەورەی هەرێمی(ئیران و تورکیا)، لەسەر ئاستی عێراقیشدا، هەرێمی کوردستان، لەکۆمەڵێك لایەنەوە، بەئامانج گیرا، لەڕووی سیاسی ودادگای فیدرالی وئەمنی..هتد، لەگەل ئەوەشدا چەکدارە لە یاسا دەرچووەکانی عێراق وەك (عەسائبی ئەهل حق، کتیبەکانی حزب الله، ڕێکخراوی بەدرو، سرایا سەلام...هتد)، بە هاوکاری سوپای پاسداران، هەوڵی لاوازکردنی قەوارەی هەرێمیاندەدا.

باسی یەکەم: لەسەر ئاستی سیاسی: گرنگترین هۆکار وای لەهەرێم کرد، پەنابباتەبەر ریفراندوم، بەهۆی سەرهەلدانی دۆخی بێمتمانەیی نێوان هەرێم وبەغدابوو،وەتوندبوونەوەی قۆلی قەیرانی ناوەخۆیی لەخولی دووەمی نوری مالکی لەشوباتی 2014برینی بودجەی هەرێمی لێکەوتەوە. یەکێك لە هۆکارەکانی تر، فەراموشکردنی بنەمای شەراکەت بوو، لە لایەن حوکمەتی عێراق، لەسەربنچینەی عێراقێکی نوێ[1].

لە23ئەیلول2017لەسەردانێکی شاندێکی هەرێم بۆ بەغدا، لایەنەعێراقییەکان رایانگەیاند ریفراندۆم بەهیچ شێوەیەك لەئێستاوداهاتوودا قبول ناکات. کۆمکاری عەربی ئەبوغەیس داوای کرد ریفراندۆم بۆ ماوەیەك دوابخرێت. ئیمانویل ماکرون لە16ئەیلول لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەل بارزانی پشتیوانی خۆی بۆ یەکپارچەیی عێراق ومافەکانی گەلی کورد لەچوارچێوەی دەستوری عێراقدا خستەڕوو[2].لە 24ئەیلول بارزانی پێشوازی لە یانکۆبیچ نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان کرد، نیگەرانی خۆی لەهەلوێستی ئەم ڕێکخراوە دەربڕی، بەوەی لەپەیوەستبوون بەمافی رەواو یاسایی گەلی کوردستان لەدەربرینی را لەسەر دیاریکردنی چارەنووسی خۆی، پێچەوانەی هەموو ئەم بنەمایانە رەفتاریان کرد کە لە ڕێکەوتنەنێودەولەتییەکان، وەك مافێکی سەرەتای بۆ گەلان چەسپاوە [3].

سەرباری ئەوفشارە ناوەخۆیی ودەرەکیانە بۆ پاشگەزبونەوە، پەرلەمان کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنی ڕاسپارد، ئەوەبوو لە 25ئەیلول2017 لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان وناوچەکوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم وکەرکوك، ریفراندۆم ئەنجامدرا[4]. بە بەشداری زیاتر لە 250 چاودێری نێودەولەتی. زیاتر لە پێنج ملیۆن کەس بەشداریان کرد، لە هەمووی گرنگتر بەشداری زیاتر 80%خەلکی کەرکوك وناوچە کوردستانییەکان بوو، سەرەڕای هەڕەشە راستەوخۆ و ناراستەوخۆکان لەلایەن وڵاتانی عەرەبی و تورکیاوئیران و ئەمریکا وبەریتانیا...هتد، روویانکردە بنکەکانی دەنگدان.

ئەنجامی ریفراندۆم بووەهۆی زیاتر فشار خستنەسەر هەرێم لەلایەن بەغداوە بۆ زیاتر خستنەڕووی ئەم باسە لەسێ لقدا، تیشکی دەخەینەسەر بەمشێوەیە:-

لقی یەکەم: ریفراندۆم وپرۆسەی دیموکراسی: ریفراندۆم یەکێکە لەڕەگەزەکانی دیموکراتیەتی نیمچە راستەوخۆیە، یەکێکەلە میکانیزمەکانی دیکەی دیموکراتی. لە راگەیەنراوی کۆمەلەی گشتی ژمارە1514لە 1960 رەشنوسی هەلوەشانەوەی کولونیالیزم و پێدانی سەربەخۆیی بە گەلان دەرکرد [5]، بەلام کوردستان وەك کولۆنیل حیساب نەکرا. لەسالی 1990 تا ئیستا 38 دەولەت دامەزرا [6].ماددەی 8 دەستوری عێراق ئاماژە بە پابەندبونی دەولەتی عێراق بەپابەندی نێودەولەتی دەکات، کەبریتیە لەدانان بەمافی چارەی خۆنووسین بۆگەلانی وولاتەکەی. مادەی 1و5نەتەوەیەکگرتووەکان کەعێراق تێدا ئەندامە،

---

[1] یاسین محمود جومانی،الدبلوماسية الموازنة بين النظرية والتطبيق ، مكتبة التفسير،اربيل،٢٠٢٢, ص279-281.

[2] هەمان سەرچاوە، ل33-38-42.

[3] هەمان سەرچاوە، ل43.

[4] شیروان هاشم عادل، ریفراندۆم ومافی چارەی خۆنووسین هەرێمی کوردستانی عێراق 2017، نامەی ماستەر پێشکەش بەئەنجومەنی کۆلیژی زانستەسیاسیەکانی زانکۆی سەلاحەدین کراوە،2021، ل45-155.

[5] بەرهەم عەلی ، سەرچاوەی پێشوو،ل211.

[6] رۆمیو هەکاری، کوردستان خاك و نیشتمانی ئێمەیە بۆیە بەشداریمان لەریفراندۆم کرد، ووتاریکی ئەکادیمیە بلاوبووەتەوە لە: بازنەی گفتوگۆ، کتێبی دووەم. بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئالنگارییەکانی ئاسایشی نیشتمانی،2024،ل140-191.

ولاتانی ئەندام ناچار دەکات، بەپابەندبوون بەمافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلانی سنووری ولاتەکەیان[1]. ئەوەبوو لە 3شوبات 2016 بارزانی ووتی کاتی ئەوە هاتووە گەلی کوردستان بریار لەچارەنووسی خۆی بدات، بەلام پرسەکە دواکەوت بۆ حوزەیرانی 2017[2]. لە نێوان مانگی حوزیران تا کۆتایی ئەیلول، شاندی بالای ریفراندۆم دووجار سەردانی بەغدای کرد، لە سەردانی یەکەم 36کۆبوونەوە ئەنجامدرا لەگەڵ لایەنە شیعەوسونەکانی عێراق و سەرجەم نوێنەرانی ولاتان و بالیوێزەکان، هەلوێستی ئەمریکا زۆرتوندتر بوو لە ئیران وتورکیا[3]. لەسەر ئاستی ناوخۆیی لەوانە عمار حکیم لە3 تەموز 2017لە سەردانێکی بۆ ئیران لەگەل علی لاریجانی سەرۆکی پەرلەمانی ئیران، رایگەیاند ئەمر دابەشبوونە لەبەرژەوەندی عێراقدا نیە. موقتەدا سەدر لە 4تەموزی2017لەرێگەی بەیانامەیەکەوە داوای لەسەرۆکی هەرێم کرد ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی دوا بخات [4]. ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە12ئەیلول2017بە ئامادەبوونی168 پەرلەمانتار، بەزۆرینەی دەنگ ئەنجامدانی ریفراندۆمی رەتکردەوە، بەبیانوی ئەوەی هەڕەشەیە بۆ سەر سەقامگیری و ئاسایش و یەکپارچەیی خاکی عێراق. وەلە 17ئەیلول مالکی ریفرادنومەکەی بەنادەستوری لەقەلەمدا [5]. سلیم جبوری سەرۆکی پەرلەمان رایگەیاند خودی ریفراندۆم و هەموو ئەمر ئەنجامانەیشی لێی دەکەونەوە ناڕەواو نایاسین[6].لە24 ئەیلول فالح فەیاز سەرۆکی دەستەی حشدی شعبی رایگەیاند سەرپەشتیکارانی ریفراندوم باجێکی قورسدەدەن[7].

لە26ئەیلول عەبادی رایگەیاند رێوشوێنی توند دەگرێتەبەر بەرانبەر ئەوانەی رۆلیان لەئەنجدامدانی ریفراندۆم هەبووە، بە پێچەوانەی دەستور لەقەلەمیدا. مەرجەعی شیعەکان لە لێدوانەکانیدا، رۆلێکی کاریگەری هەبوو لەسەر جۆشدانی لایەنەکان و شەقامی شیعی بۆ دژایەتیکردنی ریفراندۆم [8]. داوای لە کورد کرد بگەرێنەوە بۆ رێگاچارەی دەستووری[9]. ووتی دابەشبوونی عێراق دەبێتەهۆی دەستێوەردانی هەرێمی ونێودەولەتی[10].دادگای ئیتحادی بریاری راپرسیەکەی بەنادەستوری لەقەڵەمدا هەلپەسارد [11].

لەکۆتایدا فەرەنسا رۆلێکی باشی لەناوندگیری نێوان هەرێم وبەغدا بینی دوای ریفراندوم، ماکرون سەرۆکی فەرەنسا، یەکەمر سەرۆك بوو داوای چارەسەری ناکۆکی نێوان هەرێم وناوەندی کرد. لە 12 شوباتی 2018 وەزیری دەرەوەی فەرەنسا سەردانی هەولێری کردو لەگەل نیچیرڤان بارزانی کۆبووەوە[12] ئەوەی جێگای ئاماژەیە یەکەمر بەرپرسی بالابوو دوای ریفراندوم سەردانی هەرێم بکات.

لێرەدا پرسیارێك دروست دەبێت ئایا ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان چ لێکەوتەیەکی لەسەر دیموکراسی هەبووە لەوەڵامدا دەڵێین، چەمکی ڕیفراندۆم وەك بەشێکی گرنگی پرۆسەی دیموکراسی هەژماردەکرێت،بەتایبەتی ئەو پرسانەی کە

---

[1] بەرهەمر عەلی ، سەرچاوەی پێشوو،ل218.

[2] شێروان هاشم عادل،سەرچاوەی پێشوو،ل149.

[3] Nawzad abdulla shukre . Explaining U.S. foreign policy towards Kurdistan Region of Iraq (2003-2015), University of Leicester ,2017,p137.

[4] ساسان حکمت علی، سەرچاوەی پێشوو،ل211.

[55] هەمان سەرچاوە، ل218-230.

[6] بەرهەمر عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل55.

[7] ساسان حکمت علی ، سەرچاوەی پێشوو،ل223.

[8] بەرهەمر عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل55-213.

[9] شێروان هاشم عادل، سەرچاوەی پێشوو، ل160-164.

[10] خلیل مصطفی عثمان, استفتاء اقلیم کوردستان, مرکزالدراسات والبحوث الاکادیمیةالحزبیة، مطبعة دانشفر، 2017، اربیل، ص49 .

[11] ئارام محمود احمد، ریفراندوم وکاریگەریەکانی لەسەر ناوچەکەو پارچەکانی تری کوردستان،کوردستان دبلوماتیك، ژمارە 16-17ئابی2016.

[12] یاسین محمود جومانی ، مصدر سابق، ص327.

زۆرهەستیارن وسەرکردەباڵاکان و دامەزراوەکانی حوکمەت ناتوانن لەبارەیەوە بڕیار بدەن، ئەوا گەل ڕێگەی پێدراوە پراکتیزەی ئەو مافانە بکات، چونکە گەل لەڕێگەی دیموکراسی نیمجە ڕاستەوخۆوە هەندێك لەدەسەلاتەکانی بە نوێنەرەکانی دەبەخشێت بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی لای خۆی دەهێڵێتەوە بەتایبەتی ئەو بڕیارانەی چارەنووسازن.لێرەدا دووڕەهەند لەخۆدەگرێت، ڕەهەندێکی ئەرێنی، بریتی بوولەوەی لەوکاتەی پرۆسەی ریفراندۆم ئەنجام درا، هەرێمی کوردستان ڕووبەرووی دۆخێکی نەخوازراو بووەوە، توانی بەسەر قەیرانەکان زاڵ بێت، کە ئەویش گەیشتن بوو بەرێکەوتن لەگەڵ حکومەتی فیدرال بۆ ئاسایی کردنەوەی دۆخەکان و بەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق وبەدەستهێنانی چەند وەزارەتێکی گرنگی حوکمەت وتوانی پۆستی باڵای وەك سەرۆك کۆمار.

لەبەرانبەردا ڕەهەندەنەرێنیەکەی لێکترازانی ناوخۆیی لێکەوتەوە،ئەمەش بووەهۆی ئەوەی کاریگەری لەسەر پرۆسەی بەشداریکردن بکات، بەتایبەتی لەناوچە جێناکۆکەکان کەبووە هۆی کەمبوونەوەی دەنگەکانی کورد لەم ناوچانە، لەلایەکی دیکە لەناوخۆی هەرێمی کوردستان پرۆسەی سیاسی بەرەو لاوازی برد، بەهۆی درەنگ پێکهێنانی کابینەی حوکمەتی هەرێم وڕێکنەوکەوتن لەسەر پرسە چارەنووسازەکان[1].

ئەوەی جێگەی هەلوەستەلەسەرکردنە، هەرسێ ولاتی دراوسێ جەختیانکردەوە لەسەر نادەستوری وڕێکەوتن لەسەر گرتنەبەری ڕێوشوێنی هاوبەش دژی ریفراندۆم وپابەندبوون بەپاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق بوو، بەتایبەتی وڵاتی ئیران و بەپاڵپشتی لایەنگرەکانی لەعێراق لەڕێگەی دادگای فیدراڵی گووشاری زیاتری خستەسەر هەرێمی کوردستان [2]. پێویستە ئاماژە بەم ڕاستیانە بکرێن ئەمریکاو ڕۆژئاوا لەروانگەی دروشمی مرۆڤایەتی ودیموکراسی مامەلەیان نەکرد، بەلکو لەروانگەی بەرژەوەندی سیاسی وئابووری وهاوسەنگی هێزەوە سەیری گشت پرسەکانیان کرد. ئەوەی ڕاستی بێت، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دەستوری عێراق، بەندێك نیە ڕێگە بدات هەرێمێك ریفراندۆم بکات بۆ سەربەخۆیی،بەلام لەگەل ئەوەشدا نە لە دەستورو وەنە لە بەڵگەنامەو ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتی و میساقی نەتەوەیەکگرتووەکانیش ڕێگری لێنەکراوە. کەچی لەسالی 2005 رێکەوتنێك هەبوو لەنێوان سوپای رزگاریخوازی باشووری سودان ودەولەتی سودان دوای تێپەربوونی قۆناغی گواستنەوە بۆی هەیە باشوری سودان ریفراندۆم بۆسەربەخۆیی ئەنجام بدات. هەرێمیش دەبوایە هاوشێوەی باشوری سودان رێکەوتنێکی لەم جۆرەی هەبوایە هەروەك ڕیکەوتنی 20تەموزی 2002کە مافی چارەی خۆنووسینی بە باشوری سودان بەخشی دەتوانن ئایندەی خۆیان لەڕێگەی ریفراندۆم دیاری بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا لەسالی2017 لیژنەی بالای حزبەکان بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم پێکهات، دەبوایە لیژنەی بالای گەلی کوردستان پێکبهاتبووایە.

لقی دووەم: دادگای فیدرالی: لەسالی 2010 لیستی یەکەمی هەلبژاردن لیستی عێراقیەبوو بە سەرۆکایەتی ئەیاد علاوی، دادگا لیستی براوەی هەلبژاردنەکانی گۆری بە پێکهاتەی گەورەترین فراکسیونی ناو ئەنجومەنی نوێنەران [3]. ئەویش بە تەفسیرکردنی ماددەی76 دەستوری سەبارەت بە لیستی براوەی هەلبژاردن، لەدوایدا بریارەکانی لەسەر ریفراندومی 2017 بەدوای داهات [4]. لەدوای هەلبژاردنەکانی ئوکتوبەری 2021 تێدا لیستی تەیاری سەدری براوەی یەکەم کە 73کورس هەبوو لەپرۆسەی سیاسی دوورخستەوە، دادگا سالی 2021 لەبڕی ئەوەی جارێکی دیکە یاسایەك دەربکەن بۆ دامەزراندنی دادگای

---

[1] ساسان حکمت علی ، سەرچاوەی پێشوو،ل301.

[2] بەرهەم عەلی ، سەرچاوەی پێشوو، ل222.

[3] فەرهاد محمد، سنورێك بۆ دادگای فیدرالی دانەنرێت هەمان سیناریۆی ئەفغانستان لەعێراق دووبارە دەبێتەوە. ووتاریکی ئەکادیمیە بلاوبووەتەوە لە: بازنەی گفتوگۆ، کتێبی سێیەم.بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کوردستان و ململانێی هەرێمی ونێودەولەتی،2024،ل362.

[4] ڤالا فەرید، دادگای فیدرالی تەنیا کودەتای بەسەر یاسادا نەکردووە، ووتاریکی ئەکادیمیە بلاوبووەتەوە لە: بازنەی گفتوگۆ، کتێبی سێیەم.بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کوردستان و ململانێی هەرێمی و نێودەولەتی،2024،ل 291.

فیدڕاڵی، هاتن یاسای ژمارە 30 ساڵی2005یان بەزۆرینەی پەرلەمان هەموارکرد کە ئەمەش پێچەوانەی مادەی 130دەستووری هەمیشەیە، بریارێکی دەرکرد کەدەبێت بۆ دانیشتنی متمانە بە سەرۆك کۆمار و 3/2ئەندامانی پەرلەمان ئامادەبن، بەپێی یاسای ژمارە25ساڵی 2021پەرلەمان، ئەمەش تەفسیرێکی نادەستوری بوو، چونکە مەرجی دەستور 3/2ئەندامانە بۆ دەنگدان، ئامانج لێی کە نەتوانرێت تەیاری سەدر حکومەت پێکبهێنرێت و لەپرۆسەی سیاسی دووربخرێتەوە[1]. لەشوباتی 2022بریاری لەسەر یاسای نەوت وگازی هەرێم دەرکرد. بریارێکی تر لە یەکی ئایاری2023دا بەوەی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان بۆماوەی ساڵێك نادەستوریە،بەمەش پەرلەمانی کوردستانی هەڵوەشاندەوە. لە نوفمبەری 2023دادگا سەرۆکی پەرلەمان حەلبوسی لەپۆستەکەی دوورخستەوە، بەمەش دادگا جێگەی پەرلەمانی گرتەوە، خۆی کردە دەسەلاتی یاسادانان ویاسای هەلبژاردنی کوردستانی هەموارکردەوە 111 کورسیەکەی کوتاکانی لابرد [2]. ئەگەرچی لەپێکهێنانی کابینەی سودانی لەپروگرامەکەی هاتوە دەبێت یاسایەکی نوێ بۆ داگای فیدرالی لەلایەن پەرلەمانەوە دەربکرێت. لەناوپرۆژە یاساکە ئەوە چەسپیوە کە دەبێت لەناو دادگا نوێنەری هەرێم فیتوی هەبێت. بەرانبەر ئەو بریارانەی کە بۆ هەرێمەکان دەدرێن، ئەوەش لەم کاتەبوو لایەنەکانی هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت لەسەر پرۆگرامێکی وەزاری رێککەوتن. لەسەر بنەمای ئەم پرۆگرامە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداری لەو حکومەتەدا کردووە، سودانی لەپرۆژەکەی خۆیدا جەختی لەسەر جێبەجێکردنی تەواوی دەستور کردەوە بەگشت ماددەکانی، لەناویشاندا ماددەی 65دەستور کە باس لەپێکهێنانی ئەنجوومەنی فیدڕاڵی دەکات، بەوەی دووەم ئەنجوومەنی باڵایە لە سیستەمی فیدڕالی، هاوشێوەی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا، ئەمەش مافی هەرێمەکان مسۆگەر دەکا. بەلام ئەمەش نەکرا [3]. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە دادگای دەستوری پێکبێت، چونکەدادگای فیدڕالی تائێستا بەپێی ماددەکانی دەستور ڕیکنەخراوەتەوە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ زۆرێك لەبڕیارو بابەت و ئەحکام و قەزای دەستوری بۆ یاسا کە لەقۆناغی دەسەڵاتی ڕاگوزەری دەرچووە، لەم کاتەدا دەستور بوونی نەبوو، ئەمەش ناکۆکە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی دەستوری هەمیشەیی ویاساکانی. لەلایەکی دیکە دادگای فیدڕالی لەژمارەیەك کەسی شارەزا(دادوەران، پسپورانی یاسایی، شارەزایانی فقهی ئیسلامی) پێکدێت. دادگای لەمجۆرە لەعێراق دانەمەزراوە، ئەم دادگایە بەپێی پەیرەوی ناوخۆی خۆیی ودەستوری ڕاگوزەری کاری کردووە، پێویست بوو بەپێی دەستوری هەمیشەیی سەر لەنوێ پێك بهێنرێتەوە. کەواتە پێکهاتەی دادگا نادەستوریە. وەئەم مافەی نیە دەربارەی ئەنجامدانی ریفراندوم بریار بدات. لایەنەسیاسییەکانی شیعە لەعێراق چەند ناکۆك بن یەکدەگرنەوە لەوەی دەبێت دەسەلات لەدەستی ئیسلامی سیاسی شیعەدابێت و دەیانەوێت دادگا هەر بەم پێکهاتەیە بەردەوام بێت. ئاشکرایە ئاراستەی مەزهەبی دەستی دەرەکی هەلی دەسورێنێت.

لەتەمەنی ئەم دادگایە 41بڕیاری پەیوەند بە هەرێمی کوردستان داوە، (11)بڕیاری لەدژی هەرێم بووە، و(11)دیکە لەبەرژەوەندی هەرێم بووە، و(19)بڕیاری رەتکردۆتەوە بڕیار بدات بەرانبەر ئەو داوایانەی بۆی بەرزکراوەتەزوە، تاوەکو پێش ئەنجامدانی ڕیفراندۆم هیچ بڕیارێکی دژی هەرێم نەداوە، بەلام هەموو بڕیارەکانی دژی هەرێم پاش ڕیفراندۆم دەست پێدەکات بەم شێوەیەی خوارەوە (الموقع الرسمی المحکمة الاتحادیة العلیا في العراق):

1- دوو بڕیاری تایبەت بەئەنجامدان و هەڵوەشانەوەی دەرئەنجامەکانی ڕیفراندۆمی 2017/9/25، بەژمارە 122/فیدڕاڵی/2017وژمارە 89و91و92و93/فیدڕاڵی/2017

2- بڕیاری تایبەت بەنەوت و گازی هەرێمی کوردستان (هەڵوەشانەوەی یاسای نەوت وگاز ژمارە (22)ی سالی 2007هەرێمی کوردستان)، بڕیاری ژمارە 59/ فیدرالی/2012، 110/فیدڕاڵی/2019.

---

[1] محمد عمرمولود، داداگای فدرالی سەرلەبەری دەستوورەکەی بۆ هەموارکردووین، ووتاریکی ئەکادیمیە بلاوبووەتەوە لە: بازنەی گفتوگۆ، کتێبی سێیەم.بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کوردستان و ململانێی هەرێمی و نێودەولەتی،2024،ل317.

[2] ڤالا فرید، سەرچاوەی پێشوو، ل293-294-295.

[3] هەمان سەرچاوە ، ل296.

3- نادەستوری بوونی یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەهەرێمی کوردستان ژمارە (4)ی ساڵی 2014 بەبڕیاری ژمارە 156، 160/ فیدراڵی/2022.

4- هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ناردنی (200)ملیارەکە بۆ هەرێم بەبڕیاری ژمارە 170/فیدراڵی /2022 بە پاساوی ئەوەی ئەم بڕیارانە پێچەوانەی یاسای بودجەی ساڵی 2021ویاسای ئیدارەی مالی ژمارە (6)ی ساڵی 2019. هەروەها پێچەوانەی بڕگەی سێیەمی ماددەی (80)دەستورە.

5- نایاسایی بوونی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانی کوردستان بڕیاری ژمارە 239/133، 248و253 /فیدراڵی/ 2022.

6- کۆتایی هێنان بە چالاکی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەهەرێمی کوردستان بەژمارە 124/فیدراڵی/ 2023.

7- ڕەتکردنەوەی دامەزراندنی دادگەی تایبەت لەهەرێمی کوردستان بە تاوانەکانی چەکدارەکانی داعش بەژمارە71/ فیدراڵی/2021.

8- نادەستوریبوونی ماددە(18)لەیاسای ژمارە(15)ی ساڵی2008تایبەت بە هەمواری باری کەسێتی عێراقی لەهەرێمی کوردستان بەژمارە 47/فیدراڵی/ 2022.

9-نا دەستوری بوونی ماددە(46) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستان ژمارە(10)ی ساڵی 2008بەژمارە143/فیدراڵی/2018.

10- ڕوونکردنەوەی مانای دەستەواژەی ناوچە جێناکۆکەکان بەژمارە113/فیدراڵی/بەیان/ 2017.

11-ڕەتکردنەوەی کاندیدبوونی بەڕێزهۆشیارزێباری بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار بەژمارە 17/فیدراڵی/ 2022. بڕیارەکانی دادگا بەجۆرێکە هیچ مورکێکی بێلایەنی و ناوبژیوانیەکی پێوە دیار نییە، بەڵکو وەك کارتێکی گووشاری سیاسی دژی هەرێم بەکاردێت، بەتایبەتی دوای بڕیاری ئەنجامدانی پرۆسەی ڕیفراندۆمی ساڵی 2017. زۆربەی بڕیارەکانی لەبەرژەوەندی نەتەوەی عەرەب و زیانی نەتەوەی کورد شکایەتەوە بەتایبەتی لەناوچە جێناکۆکەکان، وەك یەکلانەکردنەوەی زەوی جووتیاران بۆ خاوەنەکانیان.

لقی سێیەم: پرۆسەی بەعەرەبکردن:

سەرژمێری ساڵی 1957 ڕەزامەندی هەریەك لە کوردو تورکمانی بەدەستهێنابوو، بەلام لەلایەن پێکهاتەی عەرەب ڕەتکرایەوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات عەرەب بەر لە سیاسەتی بە عەرەبکردن، پێکهاتەیەکی سەرەکی نەبوون [1]. ئەوەی جێگەی هەلوەستە لەسەرکردنە، لەدوای 2003 کێشەیەکی مەزهەبی لەعێراق سەری هەلدا لەنێوان سونەوشیعە، بەمەش ژمارەیەکی زۆری سونە لەناوچە عەرەبنیشینەکان ڕوویان لە کەرکوك وهەرێمی کوردستان کرد، ئەمەش دوومەبەستی هەبوو، یەکەمیان بۆ ئەوەی بەغدا بکەنە پایتەختی شیعە، دووەمیان هەولێك بوو بۆگۆڕینی دیموگرافیا.

قۆناغی بەعەرەبکردن دەستی پێکرد بەسێ قۆناغ، یەکەم لە دامەزراوە حکومیەکان بە دوورخستنەوەی کورد لەپێگەکەیان ودانانی عەرەب لەشوێنەکەیان، دووەم لەڕووی ئاسایش وسەربازی کورد بە تەواوی پەراوێزخرا ، سێیەم گرێبەستە کشتوکالیەکان نوێکرانەوە بۆ گەرانەوەی سەردەمی بەعس 119کەسایەتی کورد لەپۆستەکارگێریەکان لادران[2]. سەرەڕای هەموو ئەمانەش پێش 16 ئۆکتوبەر تەنها 5 حوسینیە هەبوو ئێستا بۆ20هێندە زیادی کردووە.

دوای ئەوەی ماوەی جێبەجێکردنی ماددەی 140 تێپەراند لە31دیسمبەری2007، ئەمەش وایکرد نەتەوەیەکگرتوەکان دەستێوەردان بکات و نێردەی خوی دیمستورا پێشنیاری دواخستنی شەش مانگی کرد. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەم

[1] عوسمان عەلی، سەرچاوەی پێشوو،ل162.

[2] عوسمان عەلی، سەرچاوەی پێشوو ،ل255.

ماددەیە بەرەو تونێلێکی جیاواز هەنگاو بنێت [1]. یەکێك لەهۆکارەکانی چارەسەرنەکردنی پرسی ماددەی 140، راپۆرتە ئامادەکراوەکانی بیکەر هاملتون بوو، کەرکوکی بەبۆمبی کاتکراو وەسفکرد [2].

قۆناغی پرۆسەی بەعەرەبکردن لەدوای ڕیفراندۆم چۆتە قۆناغێکی دیکەوە، لەناوچەجێناکۆکەکان، کە بەمەترسیدارترین قۆناغ هەژماردەکرێت، ئەویش لەژێر سەرپەرشتی ڕاکان جبوری پارێزگاری پێشووتری سەپێنراوی کەرکوك ، زیاتر بۆماوەی پێنج ساڵ لەژێر ناوی چەسپاندنی یاساو قۆرخکردنی دەسەڵات، ئەوەبوو بەبڕیاری ناوبراو ڕۆژانە هەوڵی گواستنەوەودامەزراندنی فەرمانبەرانی عەرەب لەناوەڕاست و باشووری عێراق دەدا بۆ کەرکوك وگواستنەوەی فۆرمی خۆراکیان لەڕێگەی فەرمانگەی دابەشکردنی خۆراك ودامەزراندنیان لە کۆمپانیانەوتییەکانی ئەم شارە، کەخۆی زیاترلە (35)هەزار خێزان دەبینیەوە ڕەوانەی گەڕەکە جیاوازەکانی ئەم شارە کراون. ئەم هەنگاوانە خۆی لەخۆیدا دژی جێبەجێ کردنی ماددەی 140دەستوری عێراق بوون[3].لەلایەکی دیکەبەرپرسانی عەرەب میکانیزمێکی نوێیان گرتەبەر ئەویش گواستنەوەی ناسنامەی باری شارستانی وکارتی دەنگدانی سەدان خێزانی عەرەب بوو بۆ کەرکوك[4].

ماددەی 140 ڕێگەی بەدانیشتوانەکەی داوە چارەنووسی خۆی دیاری بکات بۆمانەوە لەچوارچێوەی عێراق یان بەشێك بن لەهەرێمی کوردستان، بەلام حکومەتی عێراق خۆی دەدزیەوە لەجێبەجێکردنی، وەك چۆن بەعس خۆی لە ڕێکەوتنامەی 11ئازار دزیەوە [5]. دەتوانین بڵێین جێبەجێ نەکردنی دەستورو نەگەیشتن بەڕێکەوتن لە نێوان هەرێمی کوردستان وحکومەتی فیدڕاڵ ، ئەمەش کاریگەری نەرێنی کردە سەر دۆخی ئەمنی ناوچەکانی ماددەی 140،لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئاماژە بەم ڕاستیانە بکرێن، کاتێك عێراق دامەزرا، خەڵکی کەرکوك ئامادە نەبوو بچێتەپال دەولەتی عێراق، بەلام دوور لەخواستیان ئەمە روویدا. بەلام لە 25ئەیلول2017 کەرکوکییەکان دەنگیاندا بۆ جیابونەوە لەعێراقداوچونەپال هەرێمی کوردستان.

**باسی دووەم:لەسەر ئاستی ئاسایش(ئەنجامدانی ریفراندۆم ورووداوەکانی 16ئوکتوبەر):**

پاساوی ریفراندۆم لەرووی ئەمنی بەهۆی ئەوەبوولە 2014 ئەمریکابەهێزی سەربازی هەرێمی کوردستانی پاراست لەهێرشی داعش، پالپشتی پێشمەرگەبوون وسەرکەوتنیش بەسەر داعش هۆکاربوون بۆ بەهێزبوونی پەیوەندییەکانی هەرێم و هاوپەیمانەکان سەرەتا وڵاتان وکومەڵگەی نێودەوڵەتی زۆر بایەخیان بەم بابەتە نەدەدا وایان دەزانی هەرێم زۆر جدی نیە دەربارەی ئەم بابەتە [6]. پێش ئەنجامدانی ریفراندوم باوەری خەلك و دەسەلاتداران ئەوەبوو کە جیهان پالپشتی شێوازی حوکمرانی کوردستان دەکات.

ڕۆژی ئەنجامدانی ریفراندۆم، وەزارەتی بەرگری عێراق رایگەیاند سوپای عێراق لەگەل سوپای تورکیا دەستیان داوەتە مانۆڕێکی سەربازی لەسەر سنوری هاوبەشی هەردوو دەولەتدا. ئەوەبوو لە16ئوکتۆبەر2017هێزەکانی عێراق وحشدی شعبی بەپالپشتی ئێران، هێرشیان کردەسەرهێزەکانی پێشمەرگە لەپارێزگای کەرکوك [7]. ترامپ لەبارەی ئەو شەڕەوە ووتی

---

[1] هەمان سەرچاوە،ل137.

[2] چنار بابکرمحمد، کەرکوك وکاریگەریی هیزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان لەسەر جێبەجێکردنی مادەی 140ی دەستور، گۆڤاری توێژەر، گۆڤارێکی ئەکادیمیی وەرزی تایبەت بەزانستە مرۆڤایەتییەکانە، فاکتەلی ئاداب لەزانکۆی سۆران دەریدەکات، ژمارە تایبەت،2025،ل124.

[3] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانەبەلگەنامەکانی دراساتی کەناڵی تەلەفزینی کوردستان کەلەلایەن سید محمد قادر ئامادەکراوە.

[4] فواد رشید محمد، سیاسەتی ئەمریکاو بەریتانیابەرانبەر کێشەی کەرکوك2003-2022، گۆڤاری توێژەر، گۆڤارێکی ئەکادیمیی وەرزی تایبەت بەزانستە مرۆڤایەتییەکانە، فاکتەلی ئاداب لەزانکۆی سۆران دەریدەکات، ژمارە تایبەت،2025، ل30.

[5] عوسمان عەلی، سەرچاوەی پێشوو،ل374.

[6] ساسان حکمت علی ، سەرچاوەی پێشوو،ل200.

[7] یاسین محمود جوماني ، مصدر سابق،ص299.

ئەمریکا بێلایەنە [1]. جون مەکین بوچونی جیاوازی هەبوو لەرۆژنامەی نیورك تایمز بلاوبوەوە ئەو کارە قبولکراونیە، ئەمریکا چەك وراهێنان بەحوکمەتی عێراق بدات بۆ دژایەتی داعش وپاراستن، لە هەرەشەکانی دەرەکی بۆ کورد بەکاریان بهێنێت [2]. ئەوەی شایانی باسە، ئەگەرچی دەستور رێگە نادات بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکان پەنا ببرێت بۆ هێزی سەربازی، ئەمەش جۆرێك لەپێشلکاری دەستوربوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمریکا رێگری نەکرد، لەکاتێکدا کورد هاوپەیمانی ئەمریکابوو. لەم پرۆسەیەدا عەرەبە هاوردەکان دووبارەگەرانەوە کەرکوك، بەمەش کێشەکان سەریان هەلدایەوە. وەك بینیمان لە16ئۆکتوبەر هێزەکانی حکومەتی عێراق هێرشیان کردە سەر شاری کەرکوك و شەڕ لەنێوان هێزەکانی پێشمەرگەو حشدی شعبی ڕوویاندا،بەشێکی زۆری خاکی هەرێمی کوردستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراق، جیا لە میلیشا چەکدارەکانی عێراق، ئێران بەمووشەك هێرشی کردەسەر هەولێر .

لە16ینایەری2024 ئێران بەمووشەك هێرشی کردەسەر ماڵی گەورە بازرگانی کورد پێشڕەو دزەیی لەهەولێر، تەنها رۆژێك دوای هێرشکردنەسەرماڵی پێشرەو دزەیی لە کۆربەندی دافوس لە سویسرا، سەرۆکی حکومەت تێدا بەشداربوو، ئامانجی ئەوەبوو قسە لەگەڵ کۆمەلێك سەرمایەدار وکۆمپانیاووەبەرهێنەرانی جیهان بکەن بۆئەوەی بیانهێنە کوردستان بەلام ئێران بەهۆی هێرشانەکانی ئەم پەیامە رابگەیەنێت کە کوردستان ئارام نیە[3]. بەرمەبنای هەموو ئەوانە، لەم ڕووەوە دەبێت هەرێم بیر لەهێزی نەرم بکاتەوە، چاو لە وولاتی قەتەر بکات بۆ ئەوەی خۆی بپارێزێت. لەم قۆناغەدا پێویستە بەرژەوەندی وولاتانی هەرێمی ونێودەولەتی بهێنێتە هەرێمی کوردستان، ئەمەش فاکتەرێکی گرنگ دەبێت بۆ پاراستنی، وەك ئەوەی لەشەڕی داعش بینیمان هێنانی کومپانیا گەورەکانی ئەمریکا.

باسی سێیەم:- ئاسۆی بەردەم پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم وبەغدا: لەدوای پرۆسەی ڕیفراندۆم شیعەی چەکداری ڕۆژبەڕۆژ لەعێراق ڕۆڵیان لاواز بوو بەهۆی ئەو گووشارانەی ئەمریکا کە جەختی کردەوە نابێت هیچ میلیشایەك لەعێراق بوونی هەبێت، ئەمەش ڕێگەخۆشکەربوو بۆ هاتنەپێشەوەی شیعەی عەقلانی، تارادەیەك توانیان پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان وبەغدا ئاسایی بکەنەوە بگەنە هەڵوێستێکی هاوبەش.

لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق ، بەشداریکردنی کورد لەحوکمەتی عێراق هێزی گفتوگۆی زیادکرد.

لەلایەکی دیکە بەهۆی هەستیاری بارودۆخی عێراق وناوچەکە ، هەرێمی کوردستان و عێراق هاودەنگ بوون لەسەر ئەوەی ئەوان نابنە بەشێك لەکێشەکان، خۆیان بەدوورگرت لەململانێیهکانی هەرێمی و نێودەوڵەتی کەلەناوچەکەدا بوونی هەیە هەندێکجار بەرۆڵی ناوبژیوان هەلساون.

لەسەرئاستی سیاسی هەرێم و بەغدا لەدوای ریفراندۆم پەیوەندییەکانی نێوانیان لە قۆناغی قەیرانەوە بەرەو قۆناغی ڕێکخستن و دیالۆگ هەنگاویان نا. چەندەها ڕێکەوتنیان واژووکردووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، هێشتا لەگفتوگۆی بەردەوام دان.

لەسەرئاستی عێراق، پرۆسەی پرۆسەی دیموکراسی بەرەو پێشەوەهەنگاودەنێت ئەویش ئەوەیە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەکاتی خۆیدا بەرێوەدەچوو.

لەسەر ئاستی ئاسایش: هێزەکانی پێشمەرگەو حوکمەتی عێراق لەچەندەها بواردا هەماهەنگی و هاوکاری لەنێوانیاندایە بەتایبەتی لەشەڕی دژ بەداعش.

لەسەر ئاستی هەرێمی : هەرچەندە تورکیاو ئێران دژی ریفراندۆم بوون، بەلام ئێران لەلای خۆیەوە ڕۆڵێکی کاریگەری بینی لەیەکنزیکردنەوەی هەرێم و بەغدا. هەرچی تورکیایە پەیوەندی ئابووری لەگەڵ هەرێم زیاتر پەرە پێدا.

---

[1] Chenar Babaker Mohammed, The Impact of the Trump Doctrine on U.S. Foreign Policy toward Iraq and the Faculty of - r the degree of Doctor of Philosophy in political science and International Relations,Syria Law, Political Science and Management, Soran University,2021,p95.

[2] یاسین محمود جومانی، مصدر سابق، ص311.

[3] سامان سۆرانی ،شرۆڤەو لێکدانەوەی سیاسی0کوردستانی عێراق و پرسی هەرێمی ونێودەوڵەتیەکان)چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، 2021، ل75

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی . کێشەی یاسایی فرۆشتنی نەوتی هەرێم بووە بابەتێکی نێودەوڵەتی بەتایبەتی لەدادگاکانی نێودەوڵەتی. هەرچەندەکۆمەڵگەی نێودەولەتی پاڵپشتی ڕیفراندۆمی نەکرد، بەڵام هەرێم وەك ئەکتەرێکی گرنگ قبوڵکرد لەناوچەکە لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر کە جەختی لەوە دەکردەوە هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە بۆ سەقامگیری ناوچەکە.

لەئەنجامدا هەوڵدرا ڕۆڵی کورد بچووك بکرێتەوە، هەرێمی کوردستان خراپترین دۆخی سیاسی و ئاسایشی و یاسایی وئابووری وستراتیژی و جیوسیاسی بەخۆیەوە بینی، گورزێکی جیۆپۆلیتیکی گەورەی لەهەرێمدا، چونکە لەلایەنە سیاسییەکەی، سەنگ و پێگەکەی لاواز کردو نزیکەی نیوەی خاکەکەی دابڕی لەهەرێم، لەلایەنی سەربازی و ئاسایشیەوە، دەسەڵاتەکەی بچووك کردەوە، لەلایەنی ستراتیژی و ئابوورییەوە، ناوچەیەکی گرنگی نەوتی لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم دەرهێنا بەمەش داهاتەکەی بۆ نیوە دابەزاند، لەڕووی دیموگرافییەوە، دانیشتوانی ناوچەکوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی جیاکردەوە، لەلایەنی ئیدارییەوە، لابردنی پارێزگار کە کورد بوو، دانانی پارێزگایەکی بە وەکالەت بۆ کەرکوك و وەرگتنەوەی ژمارەیەك پۆست لەکورد لەم ناوچانەو دانانی عەرەب و تورکمان لەجێگەیان. لەلایەنی یاساییەوە، شەڕ پێفروشتنی داداگای فیدرالی بەهەرێمی کوردستان لەرێگەی ئەو بڕیارانەی دژی هەرێمی داویەتی، کە بووەتە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ سەر قەوارەی هەرێم.

لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی عێراق بەئەرکی خۆی هەڵنەستاوە بەرانبەر بەو هێرشانەی کە لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە وەك ئێران و تورکیا دەکرێنەسەر هەرێمی کوردستان، بۆنموونە ئەو وولاتانەی دەستدرێژیان دەکرێتەسەر کۆمەڵێك رێوشوێن هەیە دەیگرنەبەر، وەك بانگهێشتکردنی بالوێزی وولاتانی دەستدرێژکەر وپێدانی یاداشتنامەی نارەزایی وکەمکردنەوەی ئاستی پەیوەندییەکان، زۆرجار دەبێتە هۆی بڕینی پەیوەندییەدبلوماسیەکان تا بڕینی ئابووری و بازرگانی، هەندێکجار دەبێتەهۆی هەلگیرسانی شەڕ. کەچی عێراق هیچ ڕێوشوێنێکی ئەوتۆی نەگرتۆتەبەر. پێویستە عێراق ئەو راستیە تێبگات، کە سەرکەوتنی هەرێمی کوردستان، بەمانای سەرکەوتنی عێراقە. لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕانکاری لەهاوسەنگی هێز لەنێوان هەرێم و بەغدا ڕوویداوە، لەدوای 2014 پشتیوانی ئەمریکا تاڕادەیەکی زۆر لەبەرژەوەندی هەرێم بوو، بەڵام دوای 2017 پێچەوانە بووەوە بەلای بەرژەوەندی بەغدا شکایەوە.

## بەشی چوارەم:- کاریگەری لەسەرپەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ وولاتانی هەرێمی و نێو دەوڵەتی :

لەدوای 2003 تورکیا لەرێگەی تورکمانەکانەوە بێلایەن نابێت، ئێران لەرێگەی هێزە شیعەکانەوە، ولاتانی عەرەبی لەرێگەی ئەمریکاوهێزەسونەکانەوە، هەولیاندا لەگۆڕەپانی عێراق رۆل بگێرن بەرژەوندییەکانیان گەرەنتی بکەن. لە دوای سالی 2016 سیستەمی جیهانی وەچەرخانی گەورەی بەخۆیەوە بینی، ئەویش ساڵی 2017 هاتنەسەرکاری ترامپ بوو، پشتی لەهەموو ئەندامانی ناتۆ کرد، ووتی ئێمە لە خوێندنەوەی بارودۆخی سیستەمی جیهانی زۆر سەرکەوتوو نەبووین، دەرچوونی بەریتانیا بوو لەیەکێتی ئەوروپا، لەگەل ئەوەشدا ئێستا سیستەمی جیهان بەرەوفرەجەمسەری هەنگاودەنێت. لێرەوە پێویستە کورد تێ بگات بزانێت چۆن هەنگاو دەنێت و چۆن مامەلە لەگەل هاوسەنگی هێزە گەورەکان دەکات. ئەم بەشە خۆی لەدوو باس دەبینیتەوە بەم شێوەیەی لای خوارەوە:-

باسی یەکەم:- لەسەر ئاستی هەرێمی:

لەدیدی هەریەك لەئیران وتورکیا سەربەخۆیی هەرێم لێکەوتەی دەبێ لەسەر سەقامگیری عێراق وناوچەکە [1]. ریفراندومی هەرێم یەکێك بوو لە فاکتەرەسەرەکییەکانی لێکنزیکبوونەوەی سیاسی وسەربازی تورکیاوئیران وەك دوو هێزی ناوچەیی کاریگەر کە ماوەیەکی زۆرە لە ململانێی هەرێمییدان، تاران ترسی ئەوەی هەیە رەنگدانەوەی خراپی لەسەر رۆلی هەرێمی خۆی هەبێت. بەهۆی ئەو پشتگیرییە شاراوەی ئیسرائیل لە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان دەیکات. لەچوارچێوەی هەستیاری فەرمی ئیسرائیل بۆسەربەخۆیی کوردستان، بانگەوازێکە بۆ ئیران ئاماژەیە بۆئەگەری گەشەکردنی چالاکییەکانی

[1] حوسێن ئیحسانی، لێکەوتەکانی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاسایشی ناوچەیی، وەرگێرانی محمەد کەریمخان، لە بلاوکراوەکانی دەستەی دەزگای ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، چاپخانەی دانیشفەر، هەولێر،2022،ل250.

ئیسرائیل  له ناوچەکانی نزیك خۆی له ڕووی جوگرافیەوه [1]. لەسەر ئاستی هەرێمی ونێودەولەتی دەرهاویشتەکانی ئەم گۆرانکارییانە پەیوەندی بەهەموو کاراکتەرەکانی ناوچەکەوه هەیەبەتایبەتی ئیران وتورکیا.ئەویش خۆی لەدوو لقدا دەبینێتەوە:

لقی یەکەم: ئیران: کوردستان بەدرێژایی مێژوو کەوتوبووه نێوان ململانێی عوسمانی و سەفەوی، کە ئێستاش تورکیا میراتگەری عوسمانی وئیران میراتگری سەفویە، هەرچی شەڕوملمانێ هەیە، لەسەر خاکی هەرێم دەیکەن[2]. هەرێمی کوردستان تارادەیەك هاوسەنگی خۆی پاراستووە، ئیران لەڕوانگەی سیاسییەوە هەرێمی کوردستانی پێ هەزم ناکرێت. لەم چوارچێوەیە ئامانجی ئیران ئەوەیە هەرێمی کوردستان پەلکیش بکات بۆ ناو ئەم ململانێ هەرێمی ونێودەولەتییە [3].

لەسالی 1991 ئیران ئیشی لەسەر پرۆژەی هلالی شیعی کردووە لەچوارچێوەی تیۆری (أم القرى)، بەپێی ئەم تیۆرە ئیران نایەوێت جارێکی تر بکەوێتە شەڕێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هیچ دەولەتێکی تر. بۆ سەرخستنی ئەو پرۆژەیە کاری لەسەر عێراق وسوریاو لوبنان کرد، نەوەك بۆ بەهێزبوونیان، بەلکو لەسەر بەهێزبوونی گروپەکانی کە بڕوایان بە عەقیدەی ویلایەتی فەقیە هەیە[4].علی شەمخانی سکرتیری ئەنجومەنی بالای ئاسایشی نیشتمانی ئیران، داوای له هەرێمی کوردستان کرد، بە بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندوم دابچنەوە. چونکە ئەنجامدان دۆخێکی ئالۆز بۆ ناوچەکە دروست دەکات [5].

له 17ئەیلول2017وەزارەتی دەرەوەی ئیران رایگەیاند، ریفراندوم هەلەیەکی ستراتیژیە ولێدانە لەسەقامگیری عێراق وپالنەرێکە بۆ دابەشبوونی ناوچەکە. ئیران لەسەر ئاستی نێودەولەتی لۆبی کرد دژی ریفراندوم، لەم ڕووەوە له 20ئەیلول لەگەل سکرتیری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان و سەرۆکی فەرەنساونەمساوپولیفیا وسوید کۆبویەوە، دژایەتی ئیرانی پێراگەیاند. لەسەر ئاستی ولاتانی ئیسلامی له 22ئەیلول له کۆبونەوەی هاوئاهەنگی وەزیرانی دەرەوەی ئەندام له ڕێکخراوی هاریکاری ئیسلامی، دووپاتی یەکپارچەیی خاکی عێراقی کردەوە. لەگەل ئەوەشدا ڕۆژانە ناوچە سنووریەکانی هەرێمی بۆردومان دەکرد، ئەمەش ئاگادارکردنەوە بوو بۆ هەرێم[6]. ئیران جیابوونەوە، بە پێشێلکردنی پرەنسیپی ستراتیژی دەڕوانێت لەسەر یەکێتی عێراق، دابڕانی ناوچەکە. وادەکات بەشێك له کوردانی ناوەخۆی ئیران بجولێنێت، کە کاریگەری لەسەرسەقامگیری ئیران دەبێت، جگەلەوەش هانی نەتەوەکانی تری ناو ئیرانیش بدات، ئەمەش هەڕەشەدەبێت لەسەریەکپارچەیی خاکی ئیران.جگەلەوەش تاران ترسی لەهەژمونی ئیسرائیل وسعودیە هەیە لەهەرێم کە بوەتە مەترسی لەسەر ناوچەکە. یەکێك لەمەترسییەکان پرۆژەی ئەمریکی -ئیسرائیلی بۆ دابەشکردنی ناوچەکە بەسەر دەولەتە ناکۆکەکاندا[7].

[1] سارة بوعلی، تاثیر الابعاد الجیبولیتیكیة لانفصال اقلیم كردستان على الترتیبات الداخلیة والاقلیمیة، جامعة محمد ابوضیاف،2018،ص56.

[2] فواد عەلی جمشیر، سیاسەتی ئیران بەدرێژایی مێژوو ئەوەبوو شەڕ لەسەر خاکی خۆی وور بخاتەوه ولەخاکی وڵاتێکی دیکە شەڕەکە بکات، ووتاریکی ئەکادیمیە بلاوبووەتەوە لە: بازنەی گفتوگۆ، کتێبی سێیەم.بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کوردستان و ململانێی هەرێمی و نێودەولەتی،2024،ل43.

[3] یادگارعەلی ، هەڕەشە وئالەنگاریی گەورە لەسەر هەرێمی کوردستان، پەرتەوازەیی سیاسی ونەبوونی یەك گووتاریی حزبەکانە، ووتاریکی ئەکادیمیە بلاوبووەتەوە لە: بازنەی گفتوگۆ، کتێبی سێیەم.بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کوردستان و ململانێی هەرێمی و نێودەولەتی، 2024،ل377.

[4] موخەلەد حازم، بەکەوتنی ڕژێمی ئەسەد جیالەوەی پرۆژەی پشتێنەو ڕێگە چین و روسیا کۆتایی هات، بەهەمان شێوەش بالادەستی ئیرانیش لەناوچەکەدا نەما، ووتاریکی ئەکادیمیە بلاوبووەتەوە لە: بازنەی گفتوگۆ، کتێبی چوارەم. بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کوردستان و گۆڕانکارییەکانی عێراق وڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست،2025،ل640.

[5] شێروان هاشم عادل، سەرچاوەی پێشوو، ل167.

[6] ساسان علی حکمت،سەرچاوەی پێشوو، ل231-232-233.

[7] ساره بو علی، مصدر سابق،ص62-63.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

خامەنەئی ڕایگەیاند ئێران وتووێژکردن لەسەر ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان ڕەت دەکاتەوە، هەرکەسێك پشتیوانی بیرۆکەکە بکات، دژی یەکپارچەیی عێراقە[1].

خالێکی تری ناکۆکیەکان ئەوەیە، لەوانەیە ئیران چەند داواکاریەکی لە حکومەتی هەرێم هەبێت و هەرێمیش نەیەوێت بچێتە ژێرباریەوە. لەلایەکی تر ئیران نایەوێت، هەرێم ژێرخانێکی ئابووری بەهێزی هەبێت، بەتایبەتی لەڕووی وزەوە هەناردەی دەرەوەی بکات، دەیەوێت خۆی ئەم بۆشایە پربکاتەوە ،خالێکی تر ململانێی ئیران و ئەمریکایە کە پەیوەندی بەململانێی ئیران وئیسرائیلەوە هەیە[2].

لەدوای ریفراندۆمی 2017ئیران گووشارەکانی زۆربوون بۆ سەر هەرێمی کوردستان بەتایبەتی شاری هەولێر، بە ئامانجگرتنی هەولێر ئەوەیە کە سەنتەری کونسلخانەکان ونوێنەراتی نەتەوە یەکگرتوەکان و بازرگان و وەبەرهێنان و کومپانیا بیانەکانە، دامودەزگاکانی حکومەت لێیە، جگەلەوەش هەولێر هەنگاوی باشی بڕیوە لەپەرەپێدان و ئاوەدانکردنەوە تا ئاستیك توانراوە، ئاسایش و ئارامیەکی باش دابین بکات [3].

ئیران لە عێراقدا هەژموونی بەسەر 15پارێزگادا هەیە تەنها هەولێرە رێگرە بۆ هەژموون وبالادەستی ئیران. ئەو بیانوانەی ئیران بەهەرێمی دەگیرێت، ئیسرائیل بەئاشکرا پشتیوانی لەریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان کرد، پێیوایە بنکەی موسادی ئیسرائیلی لێیە [4].

سیاسەتی ئیران بەرانبەر هەرێمی کوردستان، پاراستنی پەیوەندی ئیران وهەرێم بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە، دژایەتی سەربەخۆیی هەنگاوبەهەنگاوی هەرێمی کوردستان، ڕێگریکردن لەوەی هەرێم ببێتە ناوچەی هەژمونی نەیارانی ئیران، وەك ئەمریکا و ئیسرائیل[5]. لەلایەکی ترئیران هەولدەدا سیاسەتی ئەو هەرێمە لەگەل بەرژەوەندییەکانی بگونجێنێت [6].

ئەوەی جێگەی ئاماژە پێکردنە، لێکەوتەکانی ریفراندۆم بوونەهۆی ئەوەی ئیران ساسەتی توند بەرانبەر هەرێم پەیڕەو بکات، پێویستە هەرێمی کوردستان ئەوە روون بکاتەوە لەئایندەدا نابێتە هەڕەشە بۆ سەر هیچ وولاتێکی دراوسێ، بەڵکو ئەنجامدانی ڕیفراندۆم پرۆسەیەکی دیموکراسیە، لەلایەکی دیکە هەولەکانی بخاتەگەڕ لەڕێگەی وەزارەتی دەرەوەی عێراقەوە، ئیران ناچار بکرێت، هێرشەکان رابگرێت. گووشارخستنەسەر ئەو کونسلخانانەی کە لە هەرێم بوونیان هەیە، بۆ ئەوەی سیستەمی بەرگری بۆ دابین بکەن.

پێویستە ئاماژە بەم ڕاستیانە بکرێت، لەیەکێك لەهاوینەهەوارەکانی ئیدارەی زاخۆ هێزەکانی تورکیا ئەم ناوچەیان بوردومان کرد، ژمارەیەك هاولاتی خەلکی پارێزگاکانی باشورو ناوەراست کوژران لەبەرانبەردا حکومەتی عێراق جیا لەوەی سەرکۆنەی کرد، ناڕەزایی خۆی بردە نەتەوەیەکگرتووەکان، لە بەغدا بالوێزی بانگهێشتکرد یاداشنامەیەکی توندی ئاراستەکرد، کەچی لەدوای سالّی 2017لەو کاتەی هەرێمی کوردستان ریفراندۆمی ئەنجامداوە، لەلایەن ئیران وتورکیا ڕۆژانە خەلکی هەرێمی کوردستان شەهید دەبن بەهۆی ئەم بوردومانانە، عێراق دەنگی لێوەنایەت.

---

[1] عوسمان عەلی ، سەرچاوەی پێشوو،ل19.

[2] شێروان شەمێرانی، ئیران ئەم هیرشانەدەکات بۆئەوەی گووشار لەسەر حکومەتی هەرێم دروست بکات وداواکارییەکانی جێبەجی بکات، ووتاریکی ئەکادیمیە بلاوبووەتەوە لە: بازنەی گفتوگۆ، کتێبی سێیەم.بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کوردستان و ململانێی هەرێمی و نێودەولەتی،2024،ل35.

[3] قەشە ئیشایا داود، لەم هێرشانەدا هاولاتی موسلمان وکریساتنان بوونە قوربانی، ووتاریکی ئەکادیمیە بلاوبووەتەوە لە: بازنەی گفتوگۆ، کتێبی سێیەم.بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کوردستان و ململانێی هەرێمی و نێودەولەتی،2024،ل105.

[4] عوسمان عەلی ، سەرچاوەی پێشوو،ل378.

[5] غانم کریم محمد، سیاسەتی وولایەتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ بەڕێوەبردنی تەنگژەکانی عێراق لەنێوان سالانی 2003-2018، نامەی ماستەرەپێشکەش بەئەنجومەنی کۆلیژی زانستەسیاسیەکانی زانکۆی سەلاحەدین کراوە، 2020،ل179.

[6] دانا محمد، کورد یەك نین،بەرگی 3،چاپخانەی رۆژهەلات،هەولێر، 2018،ل179.

لقی دووەم: تورکیا: رایگەیاند ئەو ریفراندومە هەڕەشە لە ئاسایشی تورکیا دەکات [1]. لۆبی کرد دژی ریفراندۆم، مانۆری سەربازی هێزە چەکدارەکانی تورکیاو عێراق لەدەروازەی سنووری خاپوور دەستی پێکرد، لەلایەکی دیکە پەیوەندییە تەلەفۆنیەکەی رەجەب تەیب ئوردوغان سەرۆك كۆماری تورکیا لەگەڵ شا سلمان ، شای سعودیە لە 20ئەیلولی2017ئەنجامیدا ، هەروەها لە 4تشرینی یەکەم وەفدێکی باڵای حکومەتی تورکیا سەردانی ئیرانیان کرد، ئوردوغان لە کۆمەلەی گشتی رایگەیاند پێویستە یەکپارچەیی خاکی عێراق بپارێزین وداوای لەهەرێم کرد پاشگەزبێتەوە لە ئەنجامدانی ریفراندۆم [2]. بینالی بیلدرم سەرۆك وەزیرانی تورکیا لە 25ئەیلولی 2017 رایگەیاند بڕیاردان لەچارەنووسی ریفراندۆم پەیوەندی بە ئاسایشی نەتەوەیی تورکیاوە هەیە. ئوردغان رایگەیاند ریفراندۆمی کوردستان ناشەرعیەو رەتی دەکەینەوە[3].

تورکیا بۆچونێکی هەیە بەپێی رێکەوتنی ساڵانی 1925و1946 مافی دەستێوەردانی هەیە لەکاروباری عێراق لە ولایەتی موسل بەرووبەری 90کم بەهۆی تێکچوونی یەکێتی خاکی عێراق، لە ٥ی حوزیرانی ساڵی (١٩٢٦) رێکەوتنی ئەنقەرە لە نێوان (عێراق - تورکیا - بەریتانیا) واژوو کرا دەربارەی دیاری کردنی سنوری نێوان عێراق - تورکیا ، ئەم رێکەوتنە تا ئێستا بەردەوامە و درێژەی هەیەو هەڵنەوەشاوەتەوە . سەبارەت بە رێکەوتنی ساڵی ١٩٤٦، لە رووی یاساییەوە تا ئێستا ماوە کە ناوەکەی بە عەرەبی (معاهدة الصداقة و حسن الجوار بين العراق و تركيا)، بە فەرمی پەیمانامەکە هەڵنەوەشاوەتەوە، بەڵام لە واقعیدا هەندێک رێکەوتنی دیکە کراوە لە بوارەکانی (ئاسایش، ئاو، بازرگانی....هتد)، واتا لە رووە یاساییەوە بەردەوامە، بەڵام لە واقیعدا یەک لایی کەرەوە نییە لە زۆربەی بوارەکان، تورکیا پێیانوایە لێکەوتەکانی دابەشکردنی عێراق وەك هەلوەشانەوەی سوفیەت و یوغسلافیا نابێت، چونکە نەخشەی نوێ عێراق کاریگەری لەسەر تەواوی ناوچەکە دەبێت، تورکیا رێگری دەکات لە لکاندنی کەرکوك بەهەرێمی کوردستان، بەهۆی داهاتە نەوتیەکەی، لەلایەکی تر نایەوێت ڕووبەری ژێردەستی کورد زیادبکات. هەریەکە لەعێراق وتورکیاوئیران وسوریا تێروانیان وایە، لکاندنی کەرکوك بەهەرێمی کوردستان رێگە خۆشکەر دەبێت بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ، ئەمەش هێلی سورە لە فەرهەنگە سیاسیەکانیاندا[4]. لەگەل ئەوەشدا تورکیاوهەرێم پەیوەندییەکی هاوبەشی ئابووری وئاسایشیان هەیە، بۆیە ڕۆلی هەرێمی کورستان لەسیاسەتی دەرەوەی تورکیاهەم وەك دەرفەت هەم وەك ئالنگاری سەیردەکرێت. هەرێم تەنها دابینکەرێکی سەرەکی نەوت نیە بۆ تورکیا، بەلکو بۆتە بازارێکی گرنگ بۆ کومپانیاتورکەکان، لە لایەکی تر ململانێی چەکداری پەکەکە هەڕەشە لەپەیوەندییەکانی هەرێم و تورکیا دەکات [5].

تورکیا بەگرنگترین وکاریگەرترین کاراکتەرە هەرێمییەکانی ناو گۆرەپانی سیاسەتی عێراق دادەنرێت بەتایبەتی لە موسل و کەرکوك[6]. ئەوەی جێگەی ئاماژەپێکردنە تورکیا لە دوای هەلبژاردنەکانی شارەوانییەکان 31ئازاری 2024 لەڕیزبەندی یەکەمەوە هاتەوە دووەم، ئوردوغان پاشەکشەیەکی گەورەی کرد. بۆیە چاوەڕێ دەکرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا تورکیا، تووشی ئالۆزیەکی زۆربێت لەسەر ئاستی دەرەوەیدا، بەوەی ئەلمانیا لەڕابردوودا پەیوەندییەکی گەورەی بازرگانی لەگەڵ تورکیا هەبوو ، بەڵام بەهاتنەسەر دەسەلاتی پارتی سۆسیال دیموکرات لەئەلمانیا، ئەم پارتە لەگەڵ ئاك پارتی تەبا نییە، کێشەیەکی گەورە بۆ پەیوەندییەکانیان دروست دەکات .

[1] شێروان هاشم عادل، سەرچاوەی پێشوو، ل165.
[2] ساسان علی حکمت، سەرچاوەی پێشوو، ل 238.
[3] بەرهەم عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل19-57-66
[4] عوسمان عەلی،سەرچاوەی پێشوو،ل 213-216.
[5] پاوان تەتەر نێروەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل 181-182.
[6] هۆشەنگ دارا حمدأمین، فاکتەرەکانی پرسی کەرکوك لەستراتیژی سیاسەتی دەرەکی دەوڵەتی تورکیا، گۆڤاری توێژەر، گۆڤارێکی ئەکادیمیی وەرزی تایبەت بەزانستە مرۆڤایەتییەکانە، فاکتەلی ئاداب لەزانکۆی سۆران دەریدەکات، ژمارە تایبەت،2025،ل153 .

باسی دووەم:- لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتیەوە:

ئەوەی ئێستا لەناوچەکە بەرێوەدەچێت لەبنەرەتدا کێشەو ململانێی بەرژەوەندیەکانە لەنێوان جەمسەرە گەورەکاندا، ئەویش بریتیە لە جەمسەری ئەمریکاوهاوپەیمانەکانی و هاوپەیمانەکانی جەمسەری رووسیا. ئەم ململانێیە لەسەرەتای سەرهەلدانی بەهاری عەرەبی دەستی پێکردووە.

لقی یەکەم: ئەمریکا : ئەمریکا پێیوایە ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کێشە بۆ ناوچەکە دروست دەکات، بۆیە پشتگیری ناکات، پێیوایە دەبێت بەگفتوگۆ لەگەل بەغدا کێشەکانی چارە بکات[1]. ڕێکس تلرسون وەزیری پێشووتری دەرەوەی ئەمریکا لە پەیوەندیەکی تەلەفونی لە10ئابی2017بە مسعود بارزانی سەرۆکی ئەو کاتی هەرێم راگەیاند پێی باشە ریفراندۆم دوابخرێت وپشتگیری خۆی بۆ گفتوگۆ ودانوساندن لەنێوان بەغداو هەولێر دوپاتکردەوە. هەروەها لە 15ئاب رایگەیاند نیگەرانی زۆرمان سەبارەت بەریفراندۆم دەربڕیوە، ئەمریکا دەیەوێت عێراقێکی سەقامگیروئارام ویەکگرتوو ببینێت، ئەنجامدانی ریفراندۆم رەنگە ببێتەمایەی ناسەقامگیری زیاتر وپێویستە جەخت لەسەر شەڕی تیرۆر بکرێتەوە [2]. گوشارەکان زۆربوون لەسەر هەرێم کە نابێت ریفراندۆم ئەنجام بدرێت، بەتایبەتی لەسەر شاری کەرکوك بەبێ خستنەڕووی جێگرەوەیەکی گونجاو. لەوانە کۆبونەوەی سحێلابوو لە 14 ئەیلولی2017، نامەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکاوپەیوەندییە تەلەفۆنیەکەی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا وماکرون سەرۆکی فەرەنسا بوو. لە14ئەیلول بریك مەکگورك نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان ودۆگلاس سلیمان بالوێزی ئەمریکاو فرانك بیکەری بالوێزی بەریتانیا لەعێراق سەردانی سەرۆکی هەرێمیان کرد [3]. دەتوانین بڵێین هەموو ئەو هەڕەشانە هاوکاتبوو لەگەل هەڕەشەکانی وولاتە دراوسێیەکان.

نامەکەی تلرسۆن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لایەنی باش و خراپی تێدابوو بۆ گەلی کورد لەلایەنەباشەکانی ئەوەبوو، ئەمەش پەیوەندییەکی دبلۆماسی گرنگە لەسەر ئاستێکی بەرزی دامەزراوەی فەرمی ئەمریکا نامە ئاڕاستەی سەرکردایەتی سیاسی کورد بکرێت، هەرێمی کوردستان وەك هاوبەشێکی سەرەکی لەناو هاوپەیمانی نێودەولەتی بۆ تێکشکاندنی داعش دەمینێتەوە، پالپشتی وکارئاسانی بۆ چارەسەرکردنی پرسی جێبەجێکردنی مادەی140وپرسی پێشمەرگەو نوێنەراتیە دبلوماسییەکان وبابەتەکانی تر، قبولکردنی ئەونامەیە دەبێتە بنەمایەکی مێژوویی بۆ هەرێمی کوردستان وئەمریکا وحوکمەتی عێراق. بەڵام لایەنە خراپیەکانی نامەکە بریتی بوو لەوەی جەختی لەسەرئەمن وئاسایش وشەڕی داعش دەکردەوە، نەوەك مافەکانی کورد، ئەنجامدانی گشتپرسی بەمەترسیدار دەزانێ، ئەو نامەیە گومانی لەسەربوو کە لەلایەن خودی وەزیری دەرەوە درێژرابێت [4].

ئەمریکا لە ڕێگەی بەیاننامەی کۆشکی سپیەوە رایگەیاند چەندینجار بەسەرکردەکانی کوردمان ووتووە کە ریفراندۆم سەرنجی سەر هەول و کۆششەکانی تێکشکاندنی داعش پەرش وبلاودەکاتەوە کاریگەریشی بۆسەر سەقامگیری ناوچە ئازادکراوەکان دەبێت[5].

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە20ئەیلولی2017بەیاننامەیەکی دەرکرد بەتوندی دژایەتی خۆی بۆ ریفراندوم دەربری، داوای لەهەرێمی کوردستان کرد ئەو پێشنیارەی پێشکەشکراوە قبولی بکات، بریتیە لە گفتوگۆی بەردەوام لەگەل بەغدا. دان بە

---

[1] چنار بابکر محمد، سەرچاوەی پێشوو،ل126.

[2] ساسان علی حکمت،سەرچاوەی پێشوو،ل 249.

[3] مسعود بارزانی، بۆ مێژوو، چاپخانەی رۆکسانا،هەولێر،2020،ل91-92-93.

[4] ئیلی لەیك، رێکس تیلەرسون وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و مسعودبارزانی سەرۆکی هیرێمی کوردستان ، وەرگێرانی علی زەلمی ، مالپەری بلومێرگی ئەمریکی وەرگرتنی لەسایتی رووداو، 14ئوکتۆبەر2017.

[5] بەرهەم عەلی ، سەرچاوەی پێشوو،ل 20.

Zanco Journal of Law and Politics ISSN-Print: 2079-3901
Vol(24), No(42), 2026 ISSN-Online: 3005-396X

ئەنجامی ریفراندومی تاك لایەنەی هەرێم دانانێت [1].لە20ئۆکتۆبەری2017 وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەیاننامەیەکی بلاوکردەوە، داوای راگرتنی گرژیەکانی کردوهانی هەردوولایدا، گفتوگۆدەست پێبکەن. رایگەیاند کەرکوك وناوچەجێناکۆکان بەناوچەی ناکۆکی لەسەر دەمینێنەوە [2]. حوکمەتی هەرێم پێشوازی لە ناوەرۆکی بەیانامەکە کرد.

دوگلاس سلیمان بالوێزی ئەمریکا لەعێراق وجنرال پۆل فانك فەرماندەی ئۆپراسیونە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراق ڕۆڵی خراپیان بینی، لە هەلوێستی خراپی سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر ریفراندوم [3]، ئەوەی شایانی باسە، سیاسەتی ئەمریکا دووفاقی پێوە دیاربوو بەرانبەر دۆزی کورد، لەلایەك دەیووت کورد هاوپەیمان* وهاوبەشی ستراتیژی ئێمەیە پشتگیری داواکاریەکانیان دەکەین، لەلایەکی تریش جەختی لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکردەوە.

بارزانی رایگەیاند لە قەیرانی نێوان هەولێرو بەغدا هەلوێستی رووسیا زۆر ئەرێنیتر بوو لە ئەمریکا [4]. ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت سەرەڕای ئەوەی لایەنی کوردی پێشبینی نەدەکرد، کە ئەمریکا بەئاشکرا پشتگیری ریفراندۆم بکات، لەگەل ئەوەشدا پێشبینی نەدەکرد ئەم هەلوێستە توندەی هەبێت.

لقی دووەم:رووسیا: ئەو هەلوێستە خراپەی ئەمریکاوبەریتانیا لەبەرانبەرگشتپرسی 2017 رەنگدانەوەی لەسەر بەرژەوەندییە نەوتییەکان لەعێراق هەبوو، بەهۆی دەستبەسەرداگرتن بەسەر ئەندازەیەکی زۆر لەپیشەسازی نەوتی هەرێم لەلایەن رووسیاوە. کومپانیاکانی نەوت وگازی روسی (روزنەفت کە لەلایەن ئیگور ستیشن هاورێی پوتین بەرێوەدەرێت لەژێر سزاکانی ئەمریکادایە)وەبەرهێنان گەورەیان کرد لەپیشەسازی وزە لەهەرێم، ئەوەبوولە 2016کومپانیای روزنەوت لە پێنج شوێن دەستی بەگەڕان و دۆزینەوەی نەوت کرد لە هەرێم، یاداشتنی لێکتیگەیشتنیان ئەنجامدا، سەرەتا بەڕێژەی 700هەزار بەرمیل لەرۆژێکدا بەڵام ئەو ڕێژەیە گۆڕانکاری بەسەرداهات تائێستا ڕێژەیەکی وورد لەبەردەستدا نییە. روسنەفت هات بەهای سێ ملیاردولار پێشوەختە بەهەرێمی بەخشی وەك قەرز [5]. ئەمەش کاردانەوەی حکومەتی عێراقی لێکەوتەوە [6].

رووسیا لەستراتیژیەکانی گرنگی بە هاوکاری سەربازی و دەستێوەردان دەدات، وەك ئامرازێك بۆ پاراستنی هاوپەیمانەکانی بۆ بەشداریکردن لەناکۆکیە هەرێمییەکان[7]. رەنگە بۆ هەرێمی کوردستان جەخت لەسەر گرنگی پاراستنی هێزی ئەمنی بەهێزوهەبوونی توانای بەرگری کردن لەهەڕەشە دەرەکیەکان بکاتەوە.

رووسیا دووەم وولات بوو کونسلخانەی لەهەرێمی کوردستان کردەوە، لەسالی2011 سەرۆکی هەرێم بە فەرمی سەردانی مۆسکۆی کرد[8]. لە15حوزەیرانی2017 پوتین بەکەنالی کوردستان 24 راگەیاند ئێمە لەهەستیاری دۆزی کورد تێدەگەین و هەلوێستی ئێمە لەنێو یاسای نێودەولەتیدا دەبێت. ئەم هەلوێستەی پوتین ئەوەبوو دژی ئەنجامدانی ریفراندۆم نەبوو. هەروەها لە 27ئەیلولی 2017 وەزارەتی دەرەوەی رووسیا رایگەیاند رێز لەخواستە نەتەوەیەکانی کورد

[1]شێروان هاشم عادل، سەرچاوەی پێشوو،ل 160-170.

[2]غانم کریم محمد، سەرچاوەی پێشوو،ل 123.

[3]مسعود بارزانی ، سەرچاوەی پێشوو، ل110

*فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا ، ئەدمیرال براد کۆپەر:ڕایگەیاند هەرێمی کوردستان هاوپەیمانێکی سەرەکی ئەمریکایە لەناوچەکەدا،واشنتۆن پابەندە بەپالپشتیکردنی ئاسایش و سەقامگیری هاوپەیمانەکانی . بۆ زیاتر زانیاری لەماڵپەڕی یەکیتی بەردەستە، بڕوانە ئەم لینکەی خوارەوە:https://ara.yekiti-media.org/ تاريخ نشر 6سبتمبر 2025

[4]بەرهەم عەلی، سەرچاوەی پێشوو.،ل72.

[5]عوسمان عەلی ، سەرچاوەی پێشوو،ل 66-67-88.

[6]هەمان سەرچاوە،ل258.

[7] پاوان تەتەر نێروەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل 298.

[8]خۆشەوی مەلا ئیبراهیم بابەکر، رووسیا لەنێوا ن هاوسەنگییە نێودەوڵەتییەکاندا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، 2018،ل95.

دەگرێت، داوا لەحکومەتی فیدرال وهەرێم دەکەین، بە گفتوگۆ کێشەکانیان چارەسەربکەن[1]. لەم ڕووەوە دەگەینە ئەوەی روسیا بە پشتگیری لە ریفراندوم نەیدەویست بەرژەوەندییەکانی لەناوچەکە بکەوێتە مەترسیەوە، بە وریایەوە مامەلەی کرد، لەهەمان کاتدا نە دژو نە لەگەل ریفراندوم نەبوو، چونکە بەرژەوەندی گەورەتری لەگەڵ تورکیاو ئیران لەناوچەکەدا هەبوو.

رووسیا یاریکەری گەمەسیاسی وئابوریەکانە لەناوچەکە وجیهان بەگشتی . لەلایەکی تر دەیویست هاوسەنگی ڕابگرێت لەنێوان هەرێم وبەغدا [2]. بە پشتبەستن بەمانەی سەرەوە ڕووداوی 16ئوکتوبەر ڕێگری کرد لە نەهێشتنی دەسەلاتی روزنەفت بەسەر جیوپولیتیکی ئەو ناوچانە.

پێمانوایە دەرئەنجامی ریفراندوم دەریخست کۆمەلگای کوردی لەهەربارودوخێکدابێت ئارەزووی جیابوونەوەیە لەعێراق. بەگشتی دەتوانین بلێین پشتگیری نەکردنی ئەمریکا لە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بۆچەند هۆکارێك دەگەرێتەوە، یەکەم، دابەشکردنی عێراق بەشێك نەبوو لەستراتیژیەتی ئەمریکا، دووەم، پشتگیرکردن لە ریفراندوم وسەربەخۆیی دەبووە هۆی تێکچوونی پەیوەندییە ستراتیژیەکانی تورکیاو ئەمریکا، سێیەم، ئەمریکیەکان پێیانوابوو دەبێتەهۆی گۆڕینی فوکسی ئەو لایەنانەی کەشەڕی داعش دەکەن. ئەمریکا پێیانوابوو پشتیوانیکردن لە سەربەخۆیی دەبێتەهۆی زیاتر تێکچونی ئاشتی وئارامی لەناوچەکە. دەتوانین بلێین گۆڕانکاریەکانی ناوچەکە بەتایبەتی پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ عێراق وتورکیاوئیران کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر هەلوێستی ئەمریکا لە بەرانبەر پرسی کورد لەناوچەکە بەگشتی وهەرێم وشاری کەرکوك بەتایبەتی.

باسی سێیەم:- ئالەنگاریەکانی بەردەم ئەم پەیوەندیانە: ئەو رێکەوتنانەی لەنێوان عێراق و ولاتانی دراوسێوە بۆ پاراستنی سنورەکانیان کاریگەری گەورەی کردووتەسەر ئاسایش وسەقامگیری هەرێم [3]. تورکیا دژی جیابوونەوەی هەرێمی کوردستانە، پێیوایە دابەشبوونی تورکیای لێدەکەوێتەوە [4]. لەسالی 2017 کردنەوەی دەروازەی ئوفاکۆی لەنێوان عێراق وتورکیا مەبەستی بوو لەو ڕێگەیەوە پێگەی خۆی لەعێراق بەهێز بکات، ئەمەش جەنگێکی ئابووری بوو دژی هەرێمی کوردستان. لەلایەکی دیکە پاش کونترولکردنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، نیگەرانەکانی ئیران زیاتر بوو، چونکە پێیوابوو، دەبێتەهۆی دامەزراندنی دەولەتی کوردی. ئەمەش ئاسەنگ دروست دەکات لە تەواوکردنی هیلالی شیعی [5]. لە 2003 تا ئێستا ئەمریکا پشتگیری لەمانەوەی هەرێمی کوردستان کرد لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا، نایەوێت سنووری سیاسی عێراق، گۆرانکاری بەسەر دابێت، بە پشتگیری هەرێم بەرژەوەندییەکانی بکەوێتەمەترسیەوە [6]. لەلایەکی دیکە رووسەکان هەولیانداوە سوود لەکورد ببینن لە هاوکێشە ستراتیژییەکان، بەمەبەستی جێبەجێکردنی پلان وستراتیژیەتی خۆیان [7].

باسی چوارەم: ئاسۆی پەیوەندیەکانی نێوان ئەم وڵاتانە: لەرووی ئاسایشەوە هەرێم تائێستا توانیویەتی هەولی پاراستنی پەیوەندیەکی باش لەگەل هەریەك لەئەمریکاوئیران بدات. لەڕووی سیاسیەوە وەك هێزێکی میانرەو لەناو

---

[1]ساسان علی حکمت،سەرچاوەی پێشوو، ل258

[2]بەرهەم عەلی ، سەرچاوەی پێشوو،ل259.

[3]هەمان سەرچاوە،ل 145.

[4]موکەرەم تالەبانی، کوردستان وتورکمان، و:عوسمان محمد سالح، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری ، هەولێر،2008،ل44.

[5]ساسان علی حکمت،سەرچاوەی پێشوو، ل 150-152.

[6]کاروخ خۆشناو ، کورد لەپێوەدانگی ئەمریکادا، گۆڤاری شیکار، گۆڤارێکی هزریە، پەیمانگای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ پرسە کۆمەلایەتیەکان دەریدەکات،ساڵی هەشتەم، ژمارە26،ساڵی 2019، ل37.

[7],Mordechai Ghaziza, China and dependent Kurdish state Begin –Sadat Center for strategic. p157.2017http//besacenter.org/china-independent-kurdistan,

بزوتنەوەی کوردی هەولی گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکان بدات. لەڕووی پێگەوە هەرێم دەتوانێت سودمەند بێت لە بالادەستی خۆی لەرێگەی رێکخراوە هەرێمییەکان وەك کۆمکاری عەرەبی و ئەنجوومەنی هاریکاری وڵاتانی عەرەبی کەنداو وپەیڕەوکردنی نموونەی سعودیەو قەتەر لەپەیوەندی چالاکانەی لەگەڵ وڵاتانی دیکەو هەرێمەکان بۆئەوەی سوود مەندبێت لەبەرژەوەندییەکانی لەڕووی سیاسەتی ناوخۆوە. لەڕووی ئابوورییەوە هەرێم دەتوانێت پێگەی خۆی بەهێزبکات لە بەشداریکردن لە رێکەوتنی وزەی سودبەخشی هاوبەش لەگەڵ یاریزانە جیهانی و هەرێمییەکان بۆ پێشخستنی بەرژەوەندییە سیاسییەکانی.

لەڕووی ئەمنی سەرەرای ناسەقامگیری ناوچەکە، بەهۆی ئەم سەقامگیری هەیە، هەرێم دەتوانێت ببێتە هاوبەشێکی سەرنجراکێش بۆ ئەم وولاتانەی بەدوای سەقامگیریدا دەگەرێن لەناوچەکەدا. لەڕووی دبلوماسیەوە، گرنگە هەرێم، پەیوەندییەکانی لەگەل یاریزانە جیهانیەکان، وەك ئەمریکاو چین وروسیا، یاریزانە هەرێمییەکانی، وەك ئیران تورکیا و باشتر بکات، رەنگە ئەم پەیوەندیانە گرنگ بن بۆ توانای هەرێم، بۆ گەشتکردن بەناو دیمەنی جیوپولیتیکی ناجێگیر و ئالۆزی ناوچەکە.

پێمانوایە هەرێمی کوردستان نیشانی داوە، دەتوانێت پێگەی خۆی بۆ قازانجی خۆی بەکاربهێنێت، بەهۆی پەیوەندییەکانی لەگەل ئەمریکاوئەوروپاورووسیاوچین بەشێوازی جیاواز لە کاتە جیاوازەکاندا. دەرفەتی گەورەی لەبەردەمدایە، کە رۆلێکی گەورەتر لە سیاسەت و ئاسایش بگێرێت، بێتە یاریزانێکی گەورەی ئابووری لە ناوچەکە، هەروەها باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەل هاوبەشە هەرێمی و نێودەولەتییەکان.

لەکۆتاییدا لەڕوانگەی تیۆری کۆنسترەکتیڤیزمەوە، بەپابەندبوون بەنۆرم و رێسای نێودەوڵەتی کەبەشێکی گرنگی هەوڵەکانی هەرێمی کوردستانە، بۆ دانپێدانانی نێودەوڵەتی، کە نیشانی داوە رێزلە ئەرکە نێودەوڵەتییەکان دەگرێت و جێبەجێیان دەکات، بەتایبەت لە ڕووی مافی مرۆڤ و یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی. چونکە هەرێم پێویستی بە پەیوەندی چالاکانە هەیە لەگەڵ ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان بۆئەوەی پشتگیریان بەدەستبهێنێت.

## دەرئەنجام

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیە گەیشتینە چەند دەرئەنجامێك کە لەخوارەوە ئاماژەیان پێ دەدەین:

١- لەسەر ئاستی نێو دەولەتی مافی بریاردانی چارەنووسی گەلان لە چوارچێوەیەکی سیاسی‌دا ماوەتەوە، ئەویش بەهۆی بەرژەوەندییە جیوپولیتیکانی ولاتە زلهێزەکانەوە، لەلایەکی دیکەوە لەسەر ئاستی وولاتانی دراوسێ ریفراندۆم، وەك هەرەشەیەك بۆ سەر ئاسایشی ولاتەکەیان سەیری دەکەن، لەسەر ئاستی دەوڵەتی عێراق، بە پلانێکی نەیارانی بۆ هەلوەشانەوەی عێراق هەژماردەکرێت، کە خودی عێراق جەخت لەسەر گەڕانەوەی دەسەڵات بۆ سیستەمی ناوەندی دەکاتەوە، بەڵام هەرێمی کوردستان بەزۆربەی وولاتانی ڕاگەیاند، کە چیدیکە ئەم بارودۆخە قبول ناکرێت، کە حکومەتی عێراق لەگەل کورد دەیکات، ئەوا خۆی بریار لەسەر چارەنووسی خۆی دەدات، بەوەی دەسەلاتدارانی بەغدا لەڕوانگەی ناوەندی مامەلە لەگەل هەرێم دەکەن، نەوەك فیدرالیەت.

٢- هەرچەندە نەوت و گازپرۆژەیەکی ئابووری وبازرگانیە، بەلام هێندەش پرۆژەیەکی جوگرافی وسیاسی نێودەولەتییە بەهۆیەوە دەکەوێتەنێوهاوکێشەسیاسییەئابوورییەکانی جیهان.

3- بەئامانجی گەورەکردنی قەبارەی ململانێیەکان ولاوازکردنی قەوارەی هەرێم، لێرەدا هەندێك لە هێزە باڵادەستەکانی عێراق هەوڵیان داوە بەشێك لە هێزوحزبەکانی هەرێم بەکار بهێنن بۆ جێبەجێ کردنی مەرامە سیاسییە نایاسایی و نادەستورییەکان.

4- پێویستە هەرێم پشت بەهەمەچەشنکردنی ئابووری خۆی ببەستێت لەڕێگەی ڕووبەروو بوونەوەی گەندەلی وبەهێزکردنی دامەزراوە دیموکراسیەکان وپێشخستنی پرۆسەی سیاسی، بەم کارە دەتوانێت ڕەوایەتی خۆی لەسەرئاستی ناوخۆیی ونێودەولەتی باشتربکات، بەمەش دەتوانێت پێگەی خۆی لەدانوستان لەگەڵ عێراق و ئەکتەرەناوچەییەکان بەهێزتر بکات.

5-لەئایندەدا ڕەنگە هەرێم، پێویستی بەگەڕان بەدوای هاوپەیمانی نوێ هەبێت، بتوانێت وەك یاریزانێك بەشداری بكات لەبەهێزكردنی پێگەكەی لەسەر ئاستی هەرێمی ونێودەولەتی.

6- لەكۆتایدا لەئاستی ناوخۆیی واتا جەماوەر ئەم لایەنانەی باشترناسی كەبەرژەوەندی تەسكی حزبایەتی لەسەرووی بەرژەوەندی گشتی گەلی كوردلەپێشینەی كارەكانیاندایە. لەئاستی هەرێمی ئەوەی بۆ دەركەوت هەرچەندە ئەم وولاتانە دژی یەك بن ، بەڵام لەبەرانبەر دۆزی كورد هەڵوێستیان یەكە. لەئاستی نێودەوڵەتی، كورد ئەم پەیوەندیانەی كە لەگەڵ هێزە نێودەوڵەتییەكان هەیەتی، پەیوەندییەكی ستراتیژی نییە كە لەئایندەدا پشتی پێبەستێت، بەڵكو ئەم پەیوەندییانە بەگوێرەی بەرژەوەندییەكانی نەبێت ئامادە نییە مامەڵە لەگەڵ كوردا بكات.

راسپاردەكان:

1-پێویستە هەرێمی كوردستان بەردەوام بێت لەگفتوگۆودانوساندن لەگەڵ حوكمەتی فیدڕاڵ و ئەكتەرە هەرێمی ونێودەوڵەتییەكان.

2-بۆسەربەخۆییبوون، پێویستەهەرێم هەوڵی كۆدەنگی نیشتمانی بدات لەگەڵ گشت هێزولایەنە ناوخۆییەكان.

3-ئەگەریفراندوم لەكاتێكی گونجاوئەنجام نەدرابێت ئەوا پێویستە ئەم كارتەلەكاتێكی گونجاوبەكاربێت.

4- بەلەبەرچاوگرتنی گۆڕانی داینامیكی هەرێمی و نێودەوڵەتی، پێویستە هەرێم خۆی بۆ داهاتوویەكی پێشبینیكراو ئامادە بكات، بەپەرەپێدانی توانای خۆی بۆ وەڵامدانەوەی ئاستەنگ و دەرفەتە نوێیەكان.

5- بۆ هەنگاونان بۆ سەربەخۆیی بەمەبەستی پاڵپشتیكردن، پێویستە هەوڵی لۆبیكردنی كورد بدرێت لەسەر ئاستی دەرەوە.

## سەرچاوەكان:-

### سەرچاوە كوردیەكان :-

#### كتێبەكان:-


1. بەرهەم علی، ریفراندۆم تاپۆنامەی دەوڵەتی كوردستان ، چاپخانەی كوردستان، هەولێر،2018.
2. پاوان تەتەر نێروەیی، هەرێمی كوردستان لەسەر شانۆی جیهانی : تەحەددیات و دەرفەتەكان لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، كتیبخانەی جزیری، دهۆك،2024.
3. پەروێز رەحیم، سیاسەتی دەرەوەی كۆماری ئیسلامی ئێران ، چاپخانەی موكریانی ، هەولێر،2014.
4. حوسێن ئیحسانی ، لێكەوتەكانی سەربەخۆیی هەرێمی كوردستان لەسەر ئاسایشی ناوچەیی، وەرگێرانی محمەد كەریمخان، لە بلاوكراوەكانی دەستەی دەزگای ئینسكلۆپیدیای پارتی دیموكراتی كوردستان، چاپخانەی دانیشفەر، هەولێر،2022.
5. خۆشەوی مەلا ئیبراهیم بابەكر ، رووسیا لەنێوان هاسەنگییە نێودەولەتیەكاندا، خانەی موكریانی، هەولێر،2018.
6. دانا محمد، كورد یەك نین،بەرگی 3،چاپخانەی رۆژهەلات،هەولێر،2018.
7. رۆمیو هەكاری ، كوردستان خاك و نیشتمانی ئێمەیە بۆیە بەشداریمان لەریفراندۆم كرد، ووتاریكی ئەكادیمیە بلاوبووەتەوە لە: بازنەی گفتوگۆ، كتێبی دووەم. بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموكراتی كوردستان، ئالنگارییەكانی ئاسایشی نیشتمانی،2024.
8. ڕیبوارتالەبانی، نەبوونی دەستوور لەهەرێمی كوردستاندا وای كردووە لەڕووی یاساییەوە، ووتاریكی ئەكادیمیە بلاوبووەتەوە لە: بازنەی گفتوگۆ، كتێبی دووەم. بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموكراتی كوردستان، ئالنگارییەكانی ئاسایشی نیشتمانی،2024.
9. ڕیبوار سیوەیلی ، سەد وانەی ڕیفراندۆم، كتێبی گۆڤاری گولان، ژمارە 23، 2022،
10. ساسان حكمت علی ، ڕەهەندە جیۆپۆلیتیكییەكانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لەهەرێمی كوردستانی عێراق، چاپخانەی ڕۆكسانا، هەولێر،2024.

11. سەربەست نەبی ،ئەزمونەکانی پێشوو سەلماندویانە کە پیکهێنانی حکومەت، ووتاریکی ئەکادیمیە بلاوبووەتەوە لە: بازنەی گفتوگۆ، کتێبی چوارەم. بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کوردستان و گۆڕانکارییەکانی عێراق ورۆژهەڵاتی ناوەڕاست،2025.
12. سیروان ئەحمەد قادر ،ئەگەر ململانی حزبایەتی نەبووایە دەسەلاتی کوردی، ووتاریکی ئەکادیمیە بلاوبووەتەوە لە: بازنەی گفتوگۆ، کتێبی سێیەم.بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کوردستان و ململانێی هەرێمی و نێودەولەتی،2024.
13. شاناز هیرانی، بەرەوریفراندوم، کوردستان دبلوماتیك، ژمارە 16-17ئابی2016.
14. شەمال حسین ،پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان،چاپخانەی تەفسیر،چاپی دووەم، هەولێر،2018.
15. شوکری محمد ،کاتیك دادگای فیدرالی خۆی دەستورەکەی پێشێل بکات، ووتاریکی ئەکادیمیە بلاوبووەتەوە لە: بازنەی گفتوگۆ، کتێبی سێیەم.بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کوردستان و ململانێی هەرێمی و نێودەولەتی،2024.
16. شێروان شەمیرانی ،ئێران ئەم هیرشانەدەکات بۆئەوەی گووشار لەسەر حکومەتی هەرێم دروست بکات وداواکارییەکانی جێبەجی بکات، ووتاریکی ئەکادیمیە بلاوبووەتەوە لە: بازنەی گفتوگۆ، کتێبی سێیەم.بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کوردستان و ململانێی هەرێمی و نێودەولەتی،2024.
17. شیروان هاشم عادل ،ریفراندۆم ومافی چارەی خۆنووسین هەرێمی کوردستانی عێراق 2017، نامەی ماستەر پێشکەش بەئەنجومەنی کۆلیژی زانستەسیاسیەکانی زانکۆی سەلاحەدین کراوە،2021.
18. عوسمان عەلی ،کەرکوك لەچەند لیکۆلینەوەیەکی مێژوویی وسیاسی دا لەگەڵ بیبلۆگرافیایەکی گشتی بۆ توێژەران،2025.
19. فەرهاد محمد ،چاوەڕوانی وەچەرخانی گەورە لەناوچەکە دەکرێت ئەگەر یەکگرتووبین سوودی لێ وەردەگرین. ووتاریکی ئەکادیمیە بلاوبووەتەوە لە: بازنەی گفتوگۆ، کتێبی سێیەم.بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کوردستان و ململانێی هەرێمی و نێودەولەتی،2024.
20. فەرهاد محمد ، سنورێك بۆ دادگای فیدرالی دانەنرێت هەمان سیناریۆی ئەفغانستان لەعێراق دووبارە دەبێتەوە. ووتاریکی ئەکادیمیە بلاوبووەتەوە لە: بازنەی گفتوگۆ، کتێبی سێیەم.بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کوردستان و ململانێی هەرێمی و نێودەولەتی،2024.
21. فواد عەلی جەمشیر ،سیاسەتی ئێران بەدرێژایی مێژوو ئەوەبوو شەڕ لەسەر خاکی خۆی وور بخاتەوە ولەخاکی وڵاتێکی دیکە شەڕەکە بکات، ووتاریکی ئەکادیمیە بلاوبووەتەوە لە: بازنەی گفتوگۆ، کتێبی سێیەم.بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کوردستان و ململانێی هەرێمی و نێودەولەتی،2024.
22. ڤالا فرید ،دادگای فیدرالی تەنیا کودەتای بەسەر یاسادا نەکردووە، ووتاریکی ئەکادیمیە بلاوبووەتەوە لە: بازنەی گفتوگۆ، کتێبی سێیەم.بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کوردستان و ململانێی هەرێمی و نێودەولەتی،2024.
23. قەشە ئیشایا داود، لەم هێرشانەدا هاولاتی موسلمان وکریساتنان بوونە قوربانی، ووتاریکی ئەکادیمیە بلاوبووەتەوە لە: بازنەی گفتوگۆ، کتێبی سێیەم.بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کوردستان و ململانێی هەرێمی و نێودەولەتی،2024.
24. محمد عمر مولود ، داداگای فدرالی سەرلەبەری دەستوورەکەی بۆ هەموارکردووین، ووتاریکی ئەکادیمیە بلاوبووەتەوە لە: بازنەی گفتوگۆ، کتێبی سێیەم.بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کوردستان و ململانێی هەرێمی و نێودەولەتی،2024.

25. موخەلەد حازم ، بەکەوتنی ڕژێمی ئەسەد جیالەوەی پرۆژەی پشتێنەو ڕێگە چین و روسیا کۆتایی هات، بەهەمان شێوەش بالادەستی ئیرانیش لەناوچەکەدا نەما، ووتاریکی ئەکادیمیە بلاوبووەتەوە لە: بازنەی گفتوگۆ، کتێبی چوارەم. بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کوردستان و گۆڕانکارییەکانی عێراق وڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست،2025.
26. موکەرەم تالەبانی ، کوردستان وتورکمان، و:عوسمان محمد سالح، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری ، هەولێر،2008.
27. هلوڤان حوسنی ، ئەگەر یاسای نەوت و گازی فیدرالی دەربکرێت کێشەکانی هەرێم وناوەندیش، ووتاریکی ئەکادیمیە بلاوبووەتەوە لە: بازنەی گفتوگۆ، کتێبی چوارەم. بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کوردستان و گۆڕانکارییەکانی عێراق وڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست،2025.
28. یادگار سدیق گەلالی ، ڕاستە یاسای فیدرالی کاریکی باش نییە، ووتاریکی ئەکادیمیە بلاوبووەتەوە لە: بازنەی گفتوگۆ، کتێبی چوارەم. بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کوردستان و گۆڕانکارییەکانی عێراق وڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست،2025.
29. یادگار عەلی ،هەڕەشە وئالەنگاریی گەورە لەسەر هەرێمی کوردستان، پەرتەوازەیی سیاسی ونەبوونی یەك گووتاریی حزبەکانە، ووتاریکی ئەکادیمیە بلاوبووەتەوە لە: بازنەی گفتوگۆ، کتێبی سێیەم.بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کوردستان و ململانێی هەرێمی و نێودەولەتی،2024.

نامەکانی ماستەرودکتۆرا:-

1.سنور جمال جلال ، کاریگەری لایەنەسیاسییەشیعەکان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی عێراق بەرامبەر ئێران لەدوای ساڵی 2011، نامەی ماستەر پێشکەش بەکۆلێژی زانستەسیاسیەکانی زانکۆی سەلاحەدین –هەولێر کراوە،2023.
2.غانم کریم محمد ، سیاسەتی وولایەتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ بەڕێوەبردنی تەنگژەکانی عێراق لەنێوان سالانی 2003-2018، نامەی ماستەرەپێشکەش بەئەنجومەنی کۆلیژی زانستەسیاسیەکانی زانکۆی سەلاحەدین کراوە،2020.

گۆڤارو ڕۆژنامەکان:-

1. چنار بابکر محمد ، کەرکوك وکاریگەریی هیزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان لەسەر جێبەجێکردنی مادەی 140ی دەستور، گۆڤاری توێژەر، گۆڤارێکی ئەکادیمیی وەرزی تایبەت بەزانستە مرۆڤایەتییەکانە، فاکتەلی ئاداب لەزانکۆی سۆران دەریدەکات، ژمارە تایبەت،2025.
2. فواد رشید محمد، سیاسەتی ئەمریکاو بەریتانیابەرانبەر کێشەی کەرکوك2003-2022، گۆڤاری توێژەر، گۆڤارێکی ئەکادیمی وەرزی تایبەت بەزانستە مرۆڤایەتییەکانە، فاکتەلی ئاداب لەزانکۆی سۆران دەریدەکات، ژمارە تایبەت،2025.
3. کاروخ خۆشناو ، کورد لەپێوەدانگی ئەمریکادا، گۆڤاری شیکار، گۆڤارێکی هزریە، پەیمانگای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ پرسە کۆمەلایەتیەکان دەریدەکات،ساڵی هەشتەم، ژمارە26، 2019.
4. مسعود بارزانی ، بۆ میژوو، چاپخانەی رۆکسانا،هەولێر،2020.
5. هاورێ حەسەن حەمە،تیۆری کونستراکتیفیزم لەپەیوەندیە نێودەولەتیەکاندا، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوەلەململانێ و قەیرانەکان، سلیمانی،2021.
6. هۆشەنگ دارا حمدامین ، فاکتەرەکانی پرسی کەرکوك لەستراتیژی سیاسەتی دەرەکی دەوڵەتی تورکیا، گۆڤاری توێژەر، گۆڤارێکی ئەکادیمیی وەرزی تایبەت بەزانستە مرۆڤایەتییەکانە، فاکتەلی ئاداب لەزانکۆی سۆران دەریدەکات، ژمارە تایبەت،2025 .
7. ئارام محمود احمد ، ریفراندوم وکاریگەریەکانی لەسەر ناوچەکەو پارچەکانی تری کوردستان،کوردستان دبلوماتیك، ژمارە 16-17ئابی2016 .
8. ئەنوەر حسێن، توێژینەوەی جیهانی هەرێمی کوردستان و ململانێ ناوچەییەکان، دەزگای ئایدیا ،سلیمانی،2017.

9. ئیلی لەیك ، رێكس تیلەرسون وەزیری دەرەوەی ئەمریكا و مسعودبارزانی سەرۆكی هیرێمی كوردستان ، وەرگێرانی علی زەلمی ، مالپەری بلومێرگی ئەمریكی وەرگرتنی لەسایتی رووداو، 14ئوكتۆبەر2017.

كتیبه عەرەبیەكان:-

1. احسان حميد المفرجي واخرون، النظرية العامة في القانون الدستورى في العراق،الكتبة القانونية –بغداد، الطبعة الثانية، 2007 .
2. اياد كامل ابرهيم ، مقومات بناء الدولة الكوردية ومعوقاتها دراسة شرعية وقانونية، مجلة جامعة التنمية البشرية/المجلد 3,العدد2حزيران2017.
3. خليل مصطفى عثمان ، استفتاء اقليم كوردستان, مركزالدراسات والبحوث الاكاديميةالحزبية، مطبعة دانشفر، 2017، اربيل2022.
4. سارة بوعلى ، تاثير الابعاد الجيبوليتيكية لانفصال اقليم كردستان على الترتيبات الداخلية والاقليمية، جامعة محمد ابوضياف،2018.
5. شمال حسين ، العلاقات الدولية، مكتب تفسير، اربيل،2020.
6. ياسين محمود جوماني ، الدبلوماسية الموازنة بين النظرية والتطبيق ، مكتبة التفسير،اربيل،2022

كتیبه ئینگلیزیەكان:-

1. Audie Klotz, Cecelia Lunch, Strategies For research in constructivist international relations,RoutledgeTaylor and Farncis group,London and Newyork,2007.
2. Alexander Wendt , and his critics, Stefano Guzzini and Anna Leader(Editors)constructivism and international relations, London and newyork,2006.
3. Bengio ,O. Kurdish identy,Discourse,and New Media,2016 .
4. Chenar Babaker Mohammed, The Impact of the Trump Doctrine on U.S. Foreign Policy toward Iraq and Syria, r the degree of Doctor of Philosophy in political science and International Relations-the Faculty of Law, Political Science and Management, Soran University,2021.
5. Mordechai Ghaziza , China and dependent Kurdish state Begin –Sadat Center for strategic studies,2017. http//besacenter.org/china-independent-kurdistan/
6. Nawzad abdulla shukre . Explaining U.S. foreign policy towards Kurdistan Region of Iraq (2003-2015) University of Leicester,U.K.2017.

# التداعيات السياسية للاستفتاء على مكانة اقليم كوردستان

| |
|---|
| د. عمر علي رشيد |
| قسم العلاقات الدولية، كلية العلوم السياسية، جامعة صلاح الدين- اربيل، أربيل، العراق |
| البريد الالكتروني: omar.rashid@su.edu.krd |

الملخص

بسبب تدهور العلاقات بين اقليم كوردستان والحكومة الفدرالية، لجأ الاقليم مضطرا الى الاستفتاء ,حيث تم اجراء استفتاء و لاول مرة في التاريخ للاستقلال في جنوب كوردستان( كوردستان الجنوبية)، كحل للاستقلال وكمخرج للازمات التى كانت تمر به الاقليم,والتي هي بحد ذاتها خطوة سياسية واستراتيجية، والتي تركت اثارا سياسية على مكانة الاقليم.

اهمية هذا البحث تكمن في محاولتها البحث في موضوع سياسي مهم والتي تظهر اثارها بشكل جلي على القضايا المشتركة في المنطقة ، وهدف البحث متابعة النتائج لربط التنبؤات السياسية لما بعد الاستفتاء بنتائج الاستفتاء كخطوة استراتيجية من قبل الاقليم.

هذا البحث يحاول الاجابة على سؤال كيف ترك الاستفتاء تاثيراتها على المكانة السياسية للاقليم ؟وللاجابة على هذا السؤال وضعنا فرضية ، نتائجها تركت تاثيرات كبيرة على مكانة اقليم كوردستان من حيث الوضع السياسي والامني و الاقتصادي.

بعد عملية الاستفتاء وقعت عددا من الاحداث كرد فعل لهذه الخطوة السياسية والديموقراطية, ولذلك هناك فجوة حول كيفية ربط نتائج الاستفتاء بهذه الاحداث والتنبؤات حول مكانة اقليم كوردستان.

ولايجاد الحلول لهذه المسألة لجأنا الى استخدام المنهج الوصفي من اجل توضيح مسألة الاستفتاء في البدء ومن ثم تفسير نتائجها .

اهم النتائج التي توصلنا اليها هي ان اثار عملية الاستفتاء تنتج من ثلاث مستويات ، المستوى الداخلي هدم الوحدة الوطنية ، وفي المستوى الاقليمي الدول المجاورة على الرغم من النزاعات التي ما بينها الان ان موقفها تجاه الكورد ثابت، وفي المستوى الدولي سياسية الدول انتهجت مبدأ الكيل بمكيالين حيث ان التعاون مابين الكورد والدول لايمكن الاعتماد عليها ، وانما التعاون يتم وفقا لمصالحها واذا كانت عكس هذه المصتاح فان هذه الدول لست مستعدة للتعامل مع الكورد او الاكراد .

الكلمات المفتاحية:

الاستفتاء ، إقليم كردستان، حكومة الفيدرالية، الاستقرار السياسي, الموقع الاقليمي

# The Political Consequences of the Referendum on the Status of the Kurdistan Region

**Omar Ali Rashid**
**Department of International relation, College of Political science –Salahaddin University – Erbil – Iraq**
**Email: omar.rashid@su.edu.krd**

**ABSTRACT**

**Due to the weakening of relations between the Kurdistan Region and the federal government, the Kurdistan Region was compelled to hold a referendum. For the first time in history, an independence referendum was held in Southern Kurdistan in 2017 as an attempt to achieve independence and to overcome the crises facing the Region. This referendum constituted a political and strategic step and, as such, resulted in significant political consequences concerning the status of the Kurdistan Region.**

**The significance of this research lies in its attempt to investigate a crucial political issue whose consequences for regional political dynamics are clearly evident. The study aims to examine these consequences by linking the political developments that followed the referendum to the consequences of the referendum itself as a strategic step taken by the Kurdistan Region.**

**This study addresses the following question: How did the referendum impact the political status of the Kurdistan Region? To answer this question, the study hypothesizes that the referendum's consequences had a significant impact on the Kurdistan Region's status in political, security, and economic terms.**

**Following the referendum process, several events emerged as reactions to this political and democratic step. However, a gap exists in the literature regarding how these events and developments can be systematically linked to the consequences of the referendum and their implications for the Kurdistan Region's status. To address this problem, the study employs a descriptive-analytical method to clarify the referendum process and analyze its consequences. In this context, the research draws on Constructivist theory.**

**The main conclusions of the study indicate that the consequences of the referendum manifested at three levels. Domestically, it disrupted national unity. Regionally, despite their internal conflicts, regional states maintained a consistent stance toward the Kurds, which encouraged them to seek coordination to prevent the independence of the Kurdistan Region. Internationally, a double standard was evident in the policies of various states, revealing that existing partnerships between the Kurds and other countries were driven primarily by self-interest and could not be relied upon in the absence of such interests.**

**Keywords:**
**Referendum, Kurdistan Region,Federal Government, Political Stability, Regional Status.**